زنجیرەی پەروەردە و بانگەواز (٣٥)

لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

چەپکە گوڵێك
لە باخچەکانی ئامۆژگاری
بۆ خوشکان

ئامادەکردنی

مامۆستا عەدنان بارام

مامۆستا فەرەیدون موحەممەد

دایکی سوننە

ناوي ثةرتووك:

چەپکە گوڵێک لە باخچەکانی ئامۆژگاری

بۆ خوشکان

ناوي ئامادةكاران:

مامۆستا عەدنان بارام

مامۆستا فەرەیدون موحەمەد

دایکی سوننە

مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە .

چاپی سێیەم

١٤٣١کۆچی

زنجیرەی پەروەردەو بانگەواز

(٣٥)

ژمارەی سپاردن

(٨٧٩)

کتێبخانەی سیما

(٠٧٧٠١٢٣٦٠٨٩)

بنكةى بلاَوكردنةوة:

کتێبخانەی سوننە
(سلێمانی)

کتێبخانەی سیما
(چەمچەماڵ)

کتێبخانەی زانست
(کەلار)

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەكی :

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ من شُـرُوْرِ أَنْفُـسِنَا وَمِـنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾[آل عمران : ١٠٢] .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ [النساء : ١] .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ [الأحزاب : ٧٠ ــ ٧١] .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَـدْيُ مُحَمَّـدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَـلالَةٌ وَكُـلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

أما بعد : **بۆ هەموو مرواریە خۆپارێزەكان، بۆ هەموو گەوهەرەیەكی بەنرخ، بۆ ئەو ئافرەتانەی كە بڕیاریان داوە پۆشاكی شەرم و حەیا لەبەر**

بكەن ، چونكە فەرمانی پەروەردگاریانە ، ئەوەش تەنها لە بەر ڕەزامەندی ئەو ، بۆ ئەوەی بە بەهەشتی بەرین شاد بن .

بـۆ تـۆ خوشـكی موسـڵمانم : كـە پێـشەوات خێزانـە بـەڕێزەكانی پێغەمبـەری خوایـە ﷺ ، بـۆ تـۆ كـە پاپەنـدی ئایەتـە پیرۆزەكـانی قورئانیو فەرموودەكانی پێغەمبەری خوایت ﷺ، نەك پابەندی مۆدەو سەرگەردانبووی شوێنی ئەم و ئەو .

بۆ ئەو خوشكانەم : كە نایانەوێ هەڵخەڵەتاوی ئەو كەسانە بن كـە بەناو مافەكانیانەوە ئەیانەوێ پۆشاكی حیـشمەتیان لـە بـەر داكـەنن ، ئـەوەش نـەك لـە بـەر ئافرەتـان بـەڵكو لـە بـەر تێركردنـی ئـارەزووە گڵاوەكانیان ، بۆ ئەوەی لـە كۆتایـدا تـۆی بـەرێز وەكـو گـوڵێكی گـەڵا هـەڵوەریو بـە جـێ بهـێڵن !! دوای ئـەوەی وەكـو بوكـە شووشـەی دەستی منداڵان یاری خۆیانت پێدەكەن !!!

گەوهەرە بەنرخەكەم : ئەمـە گوڵێكـە لـە باخـچەی برایـەتی بـۆتم هەڵمبـژاردووە ، بـۆنی برایـەتی و دڵـسۆزی لـێ دێـت ، بـە شـێوازی ئامۆژگـاری دامڕشـتووە ، هانـدەری نووسـینی ویـستنی خێـرو خۆشبەختیە بۆ تۆی گەوهەری بـەنرخ و خـۆ پـارێزم ، بـەڵكو جێگـەی بایەخپێدانی تۆی بەڕێز بێت ، پەروەردگار پارێزەرت بێت .

خوشكەكەم : لای بەڕێزتان شارەوە نیە هەموو ئەو هەوڵانەی كە كەسانی ئارەزوو پەرست بەرنامە ڕێژی بۆ دەكەن و پیادەی دەكەن بۆ لەخشتە بردنی ئافرەتی موسوڵمان ، ولەدەستدانی حیشمەتی ، بۆیە دەبینین هەموو ساتێك هاتوهاوارێكەو هەموو ڕۆژێكیش مودەیەكی نوێیە ! ! دبینرێت و دەبیسترێت لەباسی باڵاپۆشی تۆی بڕوادار لە شێوەو شێوازی دورینیدا ، ئەمەیان تەنك وناسك ! ! ئەویتریان تەسك یان كورت ! ! یەكێكی تریش ڕازاوەو تەتریزكراو ! ! هەموو ئەوەش بۆ ڕووشاندنی پاكێتی تۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خوشكانمان بەوە بزانن یان نە ... سكاڵای ئەو كارەش بۆ لای پەروەردگار بەرز دەكەینەوە .

گەوهەرەی خۆپارێزم : كار لەم سنوورەش نەوەستاوە بەڵكو گەشتۆتە ئەوەی كە بگاتە حجاب و باڵاپۆشەكەتان دەبینین دەستی خیانەتكارانی گەشتۆتیێ ! ! ! ئەمەیان عابای فەرەنسیە ! ! ! ئەویتریان عابای سەرشانیە ! ! ! ئەوەشیان لە ناوقەدەوە تەسككراوەتەوە بە گوێرەی ناوقەدی خوشكی باڵاپۆشم ! ! ! یەكیكی تر ڕەنگاوڕەنگ و نەخشین و تەتریزكراوە ! ! ! بەشێوەیەك پۆشینی عابا بۆتە باشترین زەمینە بۆ پیادەكردنی مودە ! ! و دەرخستنی جوانیەكان ! ! جا نازانم كەی خوشكانی باڵاپۆشم هەست بە ترسناكی ئەو كارەیان دەكەن ؟! یان بەوەی ئەو پیلانانە هەموو بۆ لە خشتەبردن و لەكەداركردنی حەیا و شەرم و شكۆی ئەوانە ؟! !

خوشـكی خۆپـارێزم : كـه مـن دەبیـنم تـۆ كەوتوویتەتـه تـۆڕی ئارەزووپەرسـتانەوە ، ڕازی نـەبووم لـەوەی كـه تـۆ زیـاتر بـۆ هەڵدێر ببرێیت بۆیه بێدەنگ نەبووم ، بەڵام ئایا تۆ هەستت بەوە كـردووە كـه تـۆی بـەڕێز كـه باڵاپۆشـەكەت پۆشـیوە لـه پەرستـشێكی بـۆ پـەروەردگارت و بەهۆیـەوە لێـوە نزیـك دەبیتـەوە ؟! چـونكه كردەوەكـەت وەڵامدانـەوەی فـەرمانی پەروەردگارتـه ، بـەڵكو دەبێت ئەوەشت لا ئاشكرا بێت كه هەر ناڕەحەتیەكت تووشبێت بەهۆیەوە لـه بەرامبەری پاداشت دەدرێتەوە ، جا خۆشبەختی بـۆ ئـەو خوشـكانەی كـه بـەو شـێوە دیـدەو چاوڕۆشـنن و باڵاپۆشـی حیـشمەت و حـەیایان پۆشیوە و بەو شێوەیەشـه كـه پـەروەردگاریان فـەرمانی پێكـردوون ، نەك بەپێی مودە و ئارەزووی ئارەزووپەرستان و چەواشەكاران .

خوشكی گرانبەهام : دەبێت تۆ بزانیت باڵاپۆشـەكەت ئەوەیـه كـه دەتپارێزێت له چاوی نامەحرەم و جوانیەكانت دەرناخات ، بۆ ئـەوەی وەكـو مرواریـەكی پـارێزراو بیـت لـه نـاو پاڵاپۆشـەكەتدا ، وە پاڵاپۆشەكەشـته هۆكـاری بـەرزی و بڵنـدیت لـه دونیـا و دوارۆژدا ، ئەوەش بۆ ئەوەیه بەوەوە جیابكرێتەوە له هەموو ئافرەتـانی تـر ، وە تەنها باڵاپۆشەكەشته له چاوی گورگه برسیەكانی مـرۆڤ دەتپارێزێـت ، كه هەموو كۆششێكیان ڕووشاندنی شەرم و شكۆی شـكۆدارانه ، بۆیـه گەوهەرەی بەنرخ و مـرواری خۆپـارێز هـەوڵی ئـەوە بـدە ئـەم چـەپكه

گوڵەمان لێ وەرگرە کە لە باخـچەکانی ئامۆژگـاری بـۆ تـۆی بـەڕێزمان ئامادەکردووە بۆ ئـەوەی باڵاپۆشـەکەت وەکـو هـەموو پەرستـشەکانی ترت تێروتەسەل و بێ کەم و کوڕی بێت .

لــە کۆتایــشدا پێــت دەڵــێم : خوشـکەکەم بگـەڕێوە بـۆ لای پەروەردگاری خۆت و نەکەی ببیت بە قوربانی شـەیتان ، و بتکـات بـە فاکتەری لە خشتەبردنی کەسانی تر ، مردن ئازارەکانی گیـان کێـشان بخە پێش چاوی خـۆت ، و تـاریکی گـۆڕ هـەرگیز لـەیاد نەکـەی ، لـەو سـاتانەی جگــە لــە کردەوەکــانی خــۆت نــەبێت هــیچ هــاوەڵ و هاودەمیەکت نیە ، وە بەردەوام یادی دواڕۆژ بکەوە کە چـەند سـەخت و دژوارە ، بیر لەوەش بکەوە کە ڕۆژێك دەبێت بە سەر پردی سـیراتدا بڕۆیت ، ڕۆژێکیش دێت کە نامەی کردەوەکان بڵاودەکرێتـەوە کەسـێك بەدەسـتی چـەپ و ئـەویتریش بـە دەسـتی ڕاسـت ... لـەو کاتانـەدا پەشیمانی دادت ناخوات ، گریانیش هیچ سـودێکی نیـە کۆمـەڵانێك بـۆ دۆزەخ دەڕۆن و کۆمەڵانێکیش بۆ بەهەشتی بەرین خـوای پـەروەردگار پارێزەرت بێت لە هەموو خراپە و دژواریەکی دنیا و دواڕۆژ .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

مامۆستا عدنان بارام کەلاری

١٠/ ذوالحجة / ١٤٢٩ ك

خوشکی بەڕێزم

ئایا دەزانی
ئاکامی باڵانەپۆشینت چیە ؟

ئامادەکردنی

مامۆستا عدنان بارام

بسم الله الرحمن الرحيم

خوشکی بەڕێزم : داواکارم ئەگەر بتوانی بە گوێ دڵ گوێبیستی ووتەکانم بیت ، و هەست و بیری خۆتم بدەیتێ ، لە چەند خولەکێکی ژیانت ، بۆ ئەوەی چەند ئامۆژگاریەکت بە گوێدا بدەم ، کە هەموویان ئامۆژگاری دڵسۆزن بۆ کەسێکی خۆشەویستی خۆی ، لە لایەن کەسێکی پەرۆش لە سەر دوا ڕۆژ و ژیانت ، لە ڕۆژگارێکدا کە ئامۆژگاریکاران تێدا کەم و بەدەگمەنن ، ئامۆژگاریەکانیشم بە شێوەی پرسیار دەبن ، بۆ ئەوەی هەموو پرسیارێکی زەنگێکی بیدارکاری بێت ، و چیتر لە خەوی غەفلەت بێدارت بکاتەوە ، و بە ئاگا بیت ، و قۆڵی خواناسانەی بۆ هەڵماڵیت و پەشیمان ببیتەوە لەوەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان کەمتەرخەمیەکت نواندبێت لە بالآ پۆشیتدا ، کە نیشانی بڕواداری حیشمەت و جوانی تۆیە لە دونیای کۆتای هاتوو ، هۆکاری ڕزگار بوونی هەتا هەتاییتە لە ئاگری دۆزەخ ، ئەو دۆزەخەی کە خوای پەروەردگار لە وەسفیدا فەرموویەتی : ﴿ فَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ ﴾ (سورة البقرة : ٢٤) ، واتە : لەو ئاگرە بترسن کە سووتەمەنیەکەی خەڵك و بەردە ، خوای پەروەردگار پەنای من و تۆش بدات لەوەی کە خۆمان بە دەستی خۆمان بۆ دونیا و خۆشیەکی کاتی بکەین بە سووتەمەنی ئەو ئاگرە ، بۆیە داواکارم ئەگەر تا ئەم ڕۆش کەمتەرخەمیەکت لە بالآپۆشەکەتدا کردبێت ، دووای بیستنی

ئەم ووتانە بڕیاری یەك لای خۆت بدەیت و بالآپۆشیەكەت بە باشترین شێوە و بەو مەرجانەی كە پێویستە لە بالآ پۆشەكەتدا هەبێت ئەنجام بدەیت ، و سەردەمی سستی و تەمبەڵی بەلاوە بنەیت ، بزانی كە مانەوەت لە دونیادا كاتی و كەمە ، بەڵكو هەر زۆر كەمە ، و سەردەمی لاوێتی دەڕوات و نامێنێت ، و جوانیەكەشت بەهەمان شێوە لە ناو دەچێت و نامێنێت ، و گەشی و درەوشاوەیی لە ناو دەچێت ، ئەوەش : بە مردنێكی نزیك و خێرا ، یان بە پیریەك كە لە ڕێگەی هەمووانە و دێت ، و بە هیچ شێوەیەك دەرچوون نیە لە دەستی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَاتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ ﴾ (سورة البقرة : ٢٨١) ، واتە : خۆتان بپارێزن لەو ڕۆژەی كە دەگەڕێنەوە تیایدا بۆ لای خوای پەورەدگار ، پاشان هەموو كەسێك پاداشت دەدرێتەوە لەو كردارانەی كە ئەنجامی داون ، و دڵنیاش بن كە كەس لەو ڕۆژەدا ستەمی لێ ناكرێت .

ئەمەش ئامۆژگاریەكانن :

✍ وە ئایا دەزانی بالآنەپۆشینت سەرپێچی کردن و شکاندنی فەرمان و ووتەی پەروەردگارتە کە فرمانی پێکردوویت : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ... ﴾ (سورة الأحزاب : ٥٩) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی بڕواداران بڵێ با بالآ پۆشەکانیان بدەن بە خۆیاندا .

وە هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى ﴾ (سورة الأحزاب : ٣٣) ، واتە : لەکاتی دەرچوونتاندا خۆتان ڕووت نەکەنەوە ، هەروەك چۆن ئافرەتان لە سەردەمی نەفامیدا خۆیان ڕووت دەکردەوە .

✍ وە ئایا دەزانیت ئەو کارەت هۆکاری ئازاردنی خۆتە ، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ (سورة الأحزاب : ٥٩) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی بڕواداران بڵێ با بالآ پۆشەکانیان بدەن بە خۆیاندا ، ئەوەش نزیك ترە بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت بناسرێنەوە ، و ئەزیەت و ئازار نەدرێن ، پەروەردگاری تۆش لێبووردە و میهرەبانە .

✍ وە ئایا دەزانیت بەو كارەت چاوی گورگە برسیەكان ، و كەسانی دڵ نەخۆش تێر دەكەیت ، و دەبیتەی هۆی ئەوەی سەدەان لەو گورگانە تەماحت تێ بكەن ؟! هەروەكو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ ﴾ (سورة الأحزاب : ٣٢) ، واتە : پێویستە لە سەرتان لە هەموو ڕێگەیەكی حەرام و قەدەغەكرا و خۆتان بپارێزن ، لەوانەش قسە نەكردنە بە نازەوە لە گەڵ پیاوانی نامەحرەمدا ، بۆ ئەوەی كەسانی دەروون نەخۆش تەماحتان تێنەكەن ، ووتەشتان با ووتەیەكی ئاسایی بێت ، ئەمە ئەگەر ووتەكانت ئەوەندە كاریگەر بن ، ئەی ئەبێت بالاَّ نەپۆشینت چۆن بێت ؟!! جا ئامان نەكەی خوشكەكەم خۆت بكەیتە جێی تەماحی گورگە برسیەكانی ئەم ڕۆژگارە .

✍ وە ئایا دەزانیت كە بالاَّ نەپۆشینت پێچەوانە بوونەوەی ووتەی پێغەمبەرەی خوایە ﷺ ، و ڕازیكردن و شوێنكەوتەی ووتەی شەیتانەكانی جنۆكە و مرۆڤە ؟! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " يا أسماء إن المرأة إذا بلغت المحيض لم يصلح أن يرى منها شيء إلا هذا وهذا – وأشار إلى وجهه وكفيه "[1] .

---

[1] حسنه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : (٧٨٧٤).

واتە : ئەی ئەسما ئەگەر ئافرەتی موسڵمان گەشتە تەمەنی باڵغ بوون نابێت جگە لە دەستەکان و ڕوومەتی زیاتر دەرکەوێت .

وە خوای پەروەردگار بۆمان دەگێڕێتەوە کە شەیتان لە گەڵ باوکە ئادەم و دایکە حەوادا چی کردووە ، کە فەرموویەتی : ﴿ ... فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا ... ﴾ (سورة طـه : ١٢١) ، واتە : بە هۆی ئەو تاوانەی کە پێی کردن ، عەورەتیان دەرکەوت .

✍ وە ئایا دەزانیت بەو کارەت خۆت بە ئەهلی دۆزەخ دادەنەیت ، و خۆت دەخەیتە ڕیزی دۆزەخیانەوە ، خوای پەروەردگار پارێزەرت بێت لە ئاگری دۆزەخ ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا ... وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلاَتٌ مَائِلاَتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ ... "[٢].

واتە : دوو کۆمەڵ هەن لە ئەهلی دۆزەخ نەمبینیوون ... کۆمەڵێکیان ئافرەتێلێکن داپۆشراون بەناو لە ڕاستیدا ڕووتن ، بەلەنجەولار دەڕۆنە ڕێوە ، و سەرنجی پیاوان بۆ خۆیان ڕادەکێشن ، و پرچیان بە شێوەیەك بە سەر سەریانەوە دەبەستن وەکو بان پشتی ووشتر وایە ... وە زانایان فەرمویانە: ((أراد ﷺ النساء اللواتي

---

[٢] رواه مسلم .

يلبسن من الثياب الشيء الخفيف ، الذي يـصف ولا يـستر ، فهـنَّ كاسيات بالإسم ، عاريات في الحقيقة)) [(١)].

واتە : مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ئافرەتانەیە كە جل و بەرگی ناسك دەكەنە بەر ئەو جۆرە پۆشاكانە لە ڕاستیدا لەشیان دەردەخات ، نەك ئەوەی كە دایان بپۆشێت ، ئەو جۆرە ئافرەتانە بە ناو داپۆشراون ، كەچی لە ڕاستیدا ڕووتن .

✍ وە ئایا دەزانیت بە ئەو كارەت وا لە خۆت دەكەی كە بەر نەفرەتی موسڵمانان بكەویت - خوای پەروەردگار پەنات دات - نەفرەتیش ، واتە : دووری و دەرچوونت لە ڕەحمەتی خوای بە بەزەیی ، هەروەكو پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : " ... ، نساؤهم كاسيات عاريات على رؤوسهن كأسنمة البخت العجاف العنوهن فإنهن ملعونات ... " [(٢)].

واتە : ئافرەتەكانیان داپۆشراون بەناو لە ڕاستیدا ڕووتن ، بەسەر سەریانەوە وەكو پشتی ووشتر هەیە - واتە : پرچیان بە شێوەیەك بە

---

(١) جلباب المرأة المسلمة : ١٢٧.

(٢) صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : ٢٦٨٣ ، وفي صحيح الترغيب والترهيب ، برقم : ٢٠٤٤).

سـەر سـەریانەوە دەبەسـتن ـ نـەفرەتیان لێ بکـەن ئەوانـە نـەفرەت لێکراوون .

✍ وە ئایا دەزانیت بەباڵا نەپۆشینت خۆتی پێ بێ بەش دەکەی لە بەهەشتی بەرینی خـوای پـەروەردگار ، هـەروەکو پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئاماژەی بەوە داوە و فەرموویەتی :" صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّـارِ لَـمْ أَرَهُمَا ... وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلاَتٌ مَائِلاَتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْـنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لاَ يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلاَ يَجِدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِـنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَـذَا "[1]. واتـە : دوو کۆمـەڵ هـەن لـە ئـەهلی دۆزەخ نەمبینیوون ... کۆمەڵێکیان ئافرەتێلێکن داپۆشراون بەناو لە ڕاستیدا ڕووتـن ، بەلەنجـەولار دەڕۆنـە ڕێـوە ، و سـەرنجی پیـاوان بـۆ خۆیـان ڕادەکێشن ، و پرچیان بـە شـێوەیەك بـە سـەر سـەریانەوە دەبەسـتن وەکو بان پشتی ووشتر وایە ، ئەوانـە ناڕۆنـە بەهەشـتەوە ئەگـەر چـی بۆنی بەهەشت لە دووری ئەوەندە و ئەوەندەشەوە دەبیسترێت .

✍ وە ئایـا دەزانیـت بـەو کـردارەت تـاوانی ئـەو کەسـانەش دەخەیتە ئەستۆە خۆت کە تـۆ لـە خـشتەیان دەبیـت ، و دەیانخەیتـە تاوانەوە ، خوای پـەروەردگار فەرمویـەتی : ﴿ لِيَحْمِلُواْ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً

(١) رواه مسلم .

يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ أَلاَ سَاء مَا يَـــزِرُونَ ﴾
(سورة النحل : ٢٥) .

واتــە : لــە ڕۆژی دواییــدا تاوانبــاران تــاوانی خۆیــان بــە تــەواوی هەڵدەگرن ، لە گەڵ تاوانی ئەوانەی كە گومڕایان دەكەن بــە بــێ زانــین ، بەڕاستی ئەوە تاوانباریەكی زرۆ خراپە .

✍ وە ئایــا دەزانیــت بــەو كــارەت خــۆت دەخەیتــە ڕیــزی دوو ڕووانەوە ـ خوای پەروەردگار پەنادەرت بێت لەو كـارە ـ هــەروەكو لــە فەرموودەدا هاتووە كە پێغەمبەری خــوا ﷺ فەرموویــەتی : " وشــــر نسائكم المتبرجات المتخيلات ، وهن المنافقات ، لا يدخل الجنة منهن إلا مثل الغراب الأعـــصم " [1] ، واتــە : خرابترینــی ئافرەتــەكانتان ئــەو ئافرەتانەن كە جوانیەكانی خۆیان دەردەخەن ، و خــۆ دەڕازێننــەوە ، و لە خــۆ ڕازیــن و فیــز و تەكــەبور دەكــەن بــە ســەر ئافرەتــانی تــردا ، بەڕاستی ئەوانــە خــۆ دەشــوبهێنن بــە دوو ڕووان ، هــیچ یــەكێك لەوانــە ناڕواتە بەهەشتەوە ، ئیللا وەكو قەڵە بازەڵە نەبێت (كــە جۆرێكــە لــە قەڵە ڕەش باڵەكانی یان پێكانی سپین) ، هێنانــەوەی ئــەم شــێوەیە لــە قەڵە ڕەش بە نموونە بە هۆی كەمیانەوەیە ، بۆ ئاماژە كردنە بە كەمی ئــەو ئافرەتانەی كە دەڕۆنە بەهەشتەوە ، ئەگەر باڵا پۆش نەبن .

---

[1] صححه العلامة الألباني في : الصحيحة ، برقم :(١٨٤٩).

لە کۆتایدا پێت دەڵێم ئەگەر تاکو ئەم ڕۆ نەتزانیبێت ، ئەوا ئەم ڕۆ ئەو تاوانەت لا ئاشکرا بوو ، بەڵام نائومیدیش مەبە لە ڕەحمەتی خوای میهرەمان ئەگەر تۆبەیەکی ڕاستەقینەت کرد و گەڕایتەوە بۆ لای ئەو ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴾ (سورة الزمر : ٥٣) ، واتە : بڵێ بەو بەندانەی کە زیادڕەویان کردووە لە تاوان کردندا ، بێ ئومێد و مەئیووس نەبن لە ڕەحم و بەزەیی خوای پەروەردگار ، چونکە خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت ، هەر ئەویشە لێبوردە ، و بە بەزەییە بەرامبەر بە بەندەکانی .

جا خوشکی بەڕێزم : بیرێك لەم ووتانە بکەرەوە ، وبڕیار بدە کە ئایا دوای بیستنی ئەم ووتانە هێشتا هەر بەردەوام دەبیت لە سەر بالا نەپۆشینت ، وهێشتا دڵت ڕانەچەڵەکیوە ؟! یان چی ؟!

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

خوشكی به‌ڕێزم

ئه‌مه‌یه مه‌رجه‌كانی

باڵاپۆشه‌كه‌ت

وه‌رگێڕانی

دایكی سوننه

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ [1] .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی بڕواداران بڵێ با جلبابەکانیان (جلبابیش : واتە : عابا) بدەن بە خۆیاندا، ئەوەش نزیك ترە بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرزو بە حەیاو حیشمەتو قورسو سەنگینی بناسرێنەوە، تا ئەزیەتو ئازار نەدرێ ، پەروەردگاری تۆش لێبووردەو میهرەبانە .

خوشکەکەم : بزانە کە خوای بڵندو بالاّ دەست پلەو پایەیەکی بەرزی بۆ ئافرەتان داناوە، هەر بۆ ئەوەشە کە فرمان پێکردنی بە پۆشاکی شەرعی وە خۆداپۆشینو ڕێز لێنانە، و پلە بەرزی یە بۆ ئافرەتان، وە پارێزەریشە بۆی بۆ ئەوەی نەبێت بە کالآیەکی بێ نرخ هەریەکە بە وویستی خۆی هەرچۆنێك و هەر کاتێك بیەوێت تەماشای بکات، وە بۆ ئەوەی ئەم پۆشاکە بێتە هۆکارێك بۆ دەست درێژی نەکردنە سەری، ڕێگر بێت لە هاندانی گەنجان بۆ خۆی .

[1] (سورة الأحزاب : ٥٩)

جا بۆ ئەوەی ئـەو پۆشـاکە پۆشـاکێکی شـەرعی بێـت، هـەروەکو چـۆن خـوای گـەورە، و پێغەمبەرەکـەی ﷺ فـەرمانیان پێکـردووە، دەبێت چەند مەرجێکی شەرعی پێویستی تێدا بێت، لەوانە :

١. دا پۆشەری هەموو لەش بێت ، دەست و ڕوومەت نەبێت [1] **:** هـەر چـەند داپۆشـینی ئـەو دووانـەش باشـترو تـەواوترو چـاکترە، لـە بـەر هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەو بارەیەوە هاتوون، و ئەو داپۆشینەشە کـە کاری ئافرەتانی پێشینی لە سەر بووە (خوایـان لێ ڕازی بێـت)، وە لـە سەروی ئەوانیشەوە خێزانە پاكو بـەڕێزەکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ، (خوایان لێ ڕازی بێت) .

٢. نابێت پۆشاکەکە بۆ ناوبانگ ، و شـۆرەت بێـت : واتـە نابێـت مەبەستی لە داپۆشینەکەی ئەوەبێت کە سەرنج و دیدی خـەڵك بـۆ لای

---

[1] بةلآم سةبارةت بة ثيَكانى ئافرةت بةهةمان شيَوة بة عةورةت دةذميَردريَن ، و ثيَويستة دابثؤشريَن ، داثؤشينيشيان بة طؤرةوةى بةس نيية ، با طورةويةكانيش ئةستور بن ، ضونكة قةبارةى ثيَكان دةردةخةن ، بؤية دةبينين كة ثيَغةمبةرى خوا ﷺ ثرسيارى ليَ كرا سةبارةت بة داميَنة ، و ثالَدمى ئافرةتان ؟ فةرمووى : " يرخين شبراً " ، واتة : با بستيَلك شؤرِى بكةنةوة ، (أم سلمة) ـ رِةزاى خواى ليَ بيَت ـ فةرمووى : كةواتة ثيَكانيان دةر دةكةويَت ؟! ئةويش فةرمووى :(فيرخينه ذراعاً ، لا يزدن عليه)، واتة : با باليَك دريَذى بكةنةوة ، و لةوةش زياترى نةكةنةوة (سلسلة الأحاديث الصحيحة : ١٨٦٤) .

خۆی ڕابکێشێت، ئەویش خۆی لێ بایی بێتو موعجیب بێت بەخۆیو بەسەریاندا فیز زلی لێبدات، و فیزیان بە سەردا بکات، با پۆشاکەکەشی پینەکراویش بێت، مادامە مەبەستی پێی ناوبانگ و ناودەرکردن بێت لە ناو خەڵکدا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " مَن لَبِسَ ثَوبَ شُهْرَةٍ في الدنيا ، ألبَسَهُ اللهُ ثوبَ مذلَّةٍ يوم القيامة ، ثم أُلهبَ فِيه ناراً " [١] .

واتە : هەرکەسێك لە دونیادا پۆشاکی شۆرەتو ناوبانگی بپۆشێت، ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا پۆشاکی سەر شۆڕی و زەلیلی دەکاتە بەری ، پاشان گڕو بڵێسەی تێ بەر دەدرێت .

٣. ئەبێت ئەستوور بێت و ناسك نەبێت ، بە شێوەیەك ڕەنگی پێست دەرنەخات : ئەوەش لە بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ : " سيكونُ في آخرِ أمتي نساءٌ كاسياتٌ عارياتٌ ، على رؤوسهنَّ كأسنِمَةِ البُخت ، العنوهنَّ فإنهنَّ ملعونات "[٢].

---

[١] حسنه العلامة الألباني في : (صحيح سنن ابن ماجه : ٢ / ١١٩٢، برقم : ٣٦٠٧) ، و (صحيح الترغيب والترهيب : ٢ ، برقم : ٢٠٨٩) ،وە **بڕوانە**:(جلباب المرأة المسلمة : ٢١٣) .

[٢] صححه العلامة الألباني في : (السلسلة الصحيحة ٦ : ٤١١ ، برقم : ٢٦٨٣) ، **وە بڕوانە** : (جلباب المرأة المسلمة : ١٢٥).

واتە : کۆمەڵە ئافرەتێك ـ لە کۆتایی ئوممەتەکەم ـ دەردەکەون داپۆشراو ، و ڕووتن ، پرچیان بە شێوەیەك بە سەر سەریانەوە دەبەستن وەکو بان پشتی ووشتر وایە، نەفرەتیان لێ بکەن ئەوانە نەفرەت لێکراون .

قال العلماء : ((أراد ﷺ النساء اللواتي يلبسن من الثياب الشيء الخفيف ، الذي يصف ولا يستر ، فهنَّ كاسيات بالإسم ، عاريات في الحقيقة)) [١] .

واتە : زانایان فەرمویانە : مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ئافرەتانەیە کە جلو بەرگی ناسك دەکەنە بەر ئەو جۆرە پۆشاکانە لە ڕاستیدا لەشیان دەردەخات، نەك ئەوەی کە دایان بپۆشێت، ئەو جۆرە ئافرەتانە بە ناو داپۆشراون، کەچی لە ڕاستیدا ڕووتن .

وە کاتێك کە (**منذر**) ی کوڕی (**زبير**) لە عێراق گەڕایەوە جل و بەرگێکی (**مرويَّة** [٢] ، و **قوهية** [٣]) ، نارد بۆ (**أسماء**) ی کچی (**أبو بكر**) ، کە پۆشاکێکی ناسك بوو، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە (**أسماء**) چاوەکانی لە دەست دابوو ، واتە : نابینا بوو: ڕاوی دەڵێت: کە

---

[١] (جلباب المرأة المسلمة : ١٢٧) .

[٢] **مَرويّة** : پۆشاکێکی ناودارە لە (العراق) نیسبەتە بۆ (مــرو) ، کە لادێیەکە سەر بە (كوفة) یە.

[٣] **قَوهيَّة** : پۆشاکێکە لە (قوهستان) دا دروست دەکرێت ، کە ناوچەیەکە لە (خُراسان)

(**أسماء**) دەستی دا بە پۆشاكەكەوە، فەرمووی : ئۆف بۆ ئەم جلو بەرگە، جلو بەرگەكەی بۆ بگەڕێننەوە، (**منذر**) یش ئەوەی زۆر لەلا گەورەو گران بوو، بۆیە فەرمووی: ئەی دایكی بەڕێزم ئەوە تەنك نییە بۆ ئەوەی لەش دەربخات، ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: ئەگەر لەشی تێدا دەرنەكەوێت، خۆ قەبارەی لەش دەردەخات [١].

٤. دەبێت فراوان بێت و تەنگ نەبێت : واتە : **بە شێوەیەك بێت قەبارەی ئەندامەكان دەرنەخات :** لە (**أسامة**) ی كوڕی (**زيد**)ەوە ـ خوا لە خۆی و باوكیشی ڕازی بێت ـ دەفەرمووێت : پێغەمبەری خوا ﷺ جلێكی (**قبطي** [٢]) پێ بەخشیم كە ئەویش (**دحية الكلبي**) پێی بەخشی بوو، منیش دام بە خێزانەكەم بۆ ئەوەی بیپۆشێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم: " **مالك لم تلبس القبطية ؟** " ، واتە: ئەوە بۆ جله (**قبطية**) كە لە بەر ناكەیت ؟ منیش پێم ووت : داومە بە خێزانەكەم لە بەری بكات، ئەویش فەرمووی : " **مُرها فلتجعل تحتها غلالة** [٣] ، **فإني أخاف أن تصف حجم عظامها** "[٤] ، واته

---

[١] صححه العلامة الألباني في : (جلباب المرأة المسلمة : ١٠٧) .

[٢] **القبطية** : جۆرە پۆشاك و جلێكی میسری ، تەنك و سپی یە .

[٣] **غلالة** : پۆشاكێكە لە ژێرەوەی پۆشاكەكانی تردا دەپۆشرێت ، بۆ ئەوەی قەبارەی لەشی ئافرەت دەرنەكەوێت .

: كە ڕۆشتیتەوە فرمانی پێ بكە بەوەی كە شتێكی تری بە ژێردا بپۆشێت، چونكە لەوە دەترسم قەبارەی ئەندامەكانی لەشی دەربخات .

٥. نابێ بخوركراو و بۆن خۆش كراو بێت : ئەوەش لەبەر ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ تێیدا فەرموویەتی : " أيما امرأة استعطرت ، فمرت على قوم ، ليجدوا من ريحها ، فهي زانية "[١] .

واتە : هەر ئافرەتێك خۆی بۆنخۆش كرد، وە پاشان لە ماڵ ڕۆشتە دەرەوە، وە بەلای كۆمەڵێكدا تێپەڕ بووو بۆنی چوو بە سەریاندا ، ئەوە وەكو ئەوە وایە ئەو ئافرەتە داوێن پیسی كرد بێت .

٦. نابێت پۆشاكەكەی لە سەر شێوازی جلو بەرگی پیاوان بێت : لە (**أبو هريرة**) ەوە رضي الله عنه دەگێڕنەوە كە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت: " لعن رسول الله ﷺ الرجل يلبس لبسة المرأة والمرأة تلبس لبسة الرجل "[٢].

---

[٤] حسنه العلامة الألباني في : (جلباب المرأة المسلمة : ١٣١) ، وقال : الحديث إسناده حسن ، وهو من روياة أسامة بن زيد ، وأخرجه أحمد والبيهقي .

[١] حسنه العلامة الألباني في : (صحيح سنن النسائي : ٥١٢٦) ، و (صحيح وضعيف الجامع : ٢٧٠١) ، و (صحيح الترغيب والترهيب : ٢٠١٩) ، **وە بڕوانە** : (جلباب المرأة المسلمة : ١٣٧) .

[٢] صححه العلامة الألباني في : (صحيح سنن أبي داود : ٤٠٩٨) ، و (صحيح الترغيب والترهيب : ٢٠٦٩) ، **وە بڕوانە** : (جلباب المرأة المسلمة : ١٤١) .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی كردووە لەو پیاوەی كە جلو بەرگی ئافرەتان لە بەر دەكەن ، وە ئەو ئافرەتانەش كە جلو بەرگی پیاوان لەبەر دەكەن [1] .

٧. نابێت پۆشاكەكەی لە سەر شێوازی جلو بەرگی ئافرەتانی بێباوەڕ بێت : لە (**عبدالله**) ی كوڕی (**عمر**)ەوە دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ دوو جلی (**معصفر** [2]) ی لە بەردا بینی ، وە فەرمووی : " إن هذه من ثياب الكفار فلا تلبسها "[3] ، واتە : ئەم جلانە جلی بێباوەڕانە مەیان پۆشە .

٨. نابێت خۆی لە خۆیدا ڕازاوەیی و جوانی تێدا بێت : لە بەر فەرموودەی خوای گەورە كە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ ﴾

---

[1] وەك : پانتۆڵ ، هیچ جیاوازیش نییە لەوەی كە پانتۆڵەكە ئاشكرا بێت یان لە ژێرەوەی پۆشاكی مانتۆدا بێت ، مانتۆكە كورت بێت یان درێژ ، لەماڵەوە بێت بۆ مێردەكەی یان لە دەرەوە لە پێش چاوی خەڵك ، چونكە جلێكی تایبەتە بە پیاوانەوە ، نابێت ئافرەتان بیپۆشن، یان هەر پۆشاكێكی تایبەتی تر بە پیاوان كە ئافرەتان دەیپۆشن(**مامۆستا عدنان**).

[2] **المُعَصْفَر** : ئەو پۆشاكەیە كە بە ڕووەكی (عَـصْفَر) ڕەنگ دەكرێت ، كە ڕەنگێكی سوری زۆر تۆخی لێ دەردەكرێت .

[3] (مسلم : ٢٠٧٧ ، و ٢٧).

[١]. واتــە: بــا ئافرەتــان جوانیــەكانیان دەرنەخــەن، وە خــوای پــەروەردگار فەرموویــەتی:﴿ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى ﴾ [٢]. واتــە: لــە ماڵــەكانتان بمێننــەوەو لــەكاتی دەرچـونتاندا خۆتـان ڕووت نەكەنـەوە، هـەروەك چـۆن ئافرەتـان لـە سەردەمی نەفامیدا خۆیان ڕووت دەكردەوە .

وە لەبــەر ئــەو فەرموودەیــەی پێغەمبــەری خــوا ﷺ كــە تێیــدا دەفــەرمووێت : " ثلاثة لا تسأل عنهم ــ وذكر منهم ــ : ... وامــرأة غاب عنها زوجها ، قد كفاها مؤونة الدنيا ، فتبرجت بعده ... "[٣].

واتە: سێ جۆر كەس هەن ـ لـە گـەورەیی تاوانیـان ـ سـەبارەتیان هیچ پرسـیارێك مەكـە: یـەكێك لەوانـەی كەباسـی كـردووە: ئافرەتێكـە پیاوەكەی لە لا نەبێت، بژێوی ڕۆژانەشی بۆ دابین كـرد بێـت، و بـەجێ هێـشتوو بێــت، كەچــی ئــەو لــە پــاش ئــەو خــۆی بڕازێنێتــەوە، و جوانیەكانی خۆی دەربخات .

---

[١] (سورة النور : ٣١) .

[٢] (سورة الأحزاب : ٣٣) .

[٣] صححه العلامة الألباني في : (الصحيحة : برقم : ٥٤٢) .

وه هەروەها له بەر ئەم فەرموودەیەش كـه پێغەمبـەری خـوا ﷺ تێـدا فەرموویـەتی : " وشر نسائكم المتبرجـــات المتخـــيلات ، وهـــن المنافقات ، لا يدخل الجنة منهن إلا مثل الغراب الأعصم " [1].

واته : خرابترینی ئافرەتەكانتان ئـەو ئافرەتانـەن كـه جوانیـەكانی خۆیـان دەردەخـەن، وه خـۆ دەڕازێننـەوه، وه لـه خـۆ ڕازیـنو فیـزو تەكـەبر دەكـەن بـه سـەر ئافرەتـانی تـردا، بەڕاسـتی ئەوانـه خـۆ دەشوبهێنن به دوو ڕووان، هیچ یەكێك لەوانه ناڕواته بەهەشتەوه،

ئـیللا وەكـو قەڵـه بازەڵـه نـەبێت (كـه جۆرێكـه لـه قەلـه ڕەش باڵەكانی یان پێكانی سپین)، هێنانەوەی ئەم شـێوەیه لـه قەلـه ڕەش بـه نموونـه بـه هـۆی كەمیانەوەیـه، بـۆ ئامـاژه كردنـه بـه كـەمی ئـەو ئافرەتانەی كه دەڕۆنه بەهەشتەوه .

ئا ئەمەیه مەرجـەكانی پۆشـاكی شـەرعی تـەواو كـه پۆشـاكەكەت دەكەن به پۆشاكێكی شەرعی، ئەو پۆشاكەی بـه پۆشـینی گوێڕایـەڵی خۆت دەر دەبڕیت بـۆ خـوای گـەوره، هـەر ئەوەشـه كـه بـه پۆشـینی پـارێزراو دەبیـت لـەو گورگانـەی كـه ئەیانـەوێت تـۆ دەركـەویت، و بـه ئارەزووی خۆیان به تۆ ڕابوێرن .

---

[1] صححه العلامة الألباني في : (الصحيحة ، برقم : ١٨٤٩) .

خوشـکەکەم : ئەگـەر تـۆ ئـەم داواکاریـە تـەواو و تێـرو تەسـەلەی پەروەردگارت لـە ڕواڵەتـدا بـە دی هێنـا، بـە تـەواوی‌و شـکۆداری‌و بـە لەسەر خۆی‌و، هەیبەتەوە ، و لە هەموو جموجوڵتدا، ئەوا ڕووناکی یـە لە سەر ڕووناکی، بێگومـان ڕوواڵـەتیش بـە تـەنها بـەس نی‌یـە بـە بـێ نـاوەڕۆك ، بۆیـە ئافرەتـان فـەرمان پێکـراون بـە پاراسـتنی هـەموو جموجوڵێکیان ، لە گەڵ پاراستنی چاو و زمانیان ، هەروەها چـاودێری کاری عەقڵ‌و دەروونی خۆی بێت، و زاڵیش بێت بـە سـەریدا ، و زیـاتر شـەرم‌و حـەیای پێـوە دیـار بێـت، و کـەمیش بـدوێت ، خـوای گـەورە فەرمویەتی: ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ [1] واتـە : بـە ئافرەتانی بڕوادار بڵێ کـە چـاویان لـە تەماشـاکردنی حـەرام بپـارێزن، داوێنیـشیان بپـارێزن لـە داوێـن پیـسی، جوانیەکانیـشیان دەرنەخـەن، جگە لەوەی نەبێت کە بەبێ دەسەڵاتی ئەوان دەردەکەوێت .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ
وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

دیاریەك بۆ خوشکەکەم

[1] (سورة النور : ٣١) .

((تا گەنجیت))

خوشكەكەم ئێستا بەهاری ژینتە گەشاوەی گەشی

گوڵی سەدتەرزی، ڕازاوەو بەرزی، جوان وبۆن وەشی

زەردەواڵەو مێش، كوللەو مێشووله، له پەلاسدان بۆت

گەر ووریا نەبی دووچاری لە كەو دوا ڕۆژی ڕەشی

سبەی پایزه هەوره تەمه و دوو، زووقم و تەزینه

سیسی و ژاكاوی و گەلاڕێزانه، كاتی وەرینه

ئەوكاته هیچ كام نایەن بەلاتا، حاشات لیٚ دەكەن

خوشكم ئەوانه كارو پیشەیان هەر دەست بڕینه

خوشكم ئەوانه ئێستا تا مەزرۆن بۆ یەك نێو نیگات

ئامادەن ببنه كۆچی قوربانی هەنگاوی ڕێگات

گەر نەخوازەلاٚ بەردەستیان كەوی تاسەیان بشكێت

بەرەلاٚت ئەكەن ،دەربەست نین دۆزەخ ببێته جێگات

خوشکم ئەبینی تۆ بە چاوی خۆت گوڵ و گوڵاڵە

کامیان قەشەنگ و جوان وبۆن خۆشە، ڕەنگین و ئاڵە

لەسەرەتاوە چەندە تاسوخە، چەند بازاڕگەرمە

کە ژاکا جێگەی تەنەکەی زبڵە، سەنێرگەو چاڵە

هەتاکو گەنج بوون جوان ودڵ فڕێن، تا شای تەمەن بوون

شەوچەرەی (مەلها)و ئەستێرەی گەشی ئاسمانی(فەن بوون)

لای هەرزەو نەزان، نمونەی ژین و زۆر بەهرە مەند بوون

پیریان لێ نیشت بەرەڵاکران، ڕیسواو بە پەن بوون.

سروەی بێداری (جمال حبیب الله) ل:١٧٠-١٧١

حوكمی عابای ئافرەتان و مەرجەكانی

ئامادەكردنی
مامۆستا عدنان بارام

بسم الله الرحمن الرحيم

بۆ هەموو گەوهەرەیەكی بەنرخ ، بۆ مرواریە پارێزراوەكان، بۆ ئەو ئافرەتانەی كە بڕیاریان داوە پۆشاكی شەرمو حەیا لە بەر بكەن،

چونکە فەرمانی پەروەردگاریانـە ، ئـەوەش تـەنها لـە بـەر ڕەزامەنـدی ئەو، بۆ ئەوەی بە بەهەشتی بەرین شاد بن .

بۆ تــۆ خوشـکی موسـڵمانم : کـە پێـشەوات خێزانـە بـەڕێزەکانی پێغەمبــەری خوایــە ﷺ، بـۆ تـۆ کـە پابەنـدی ئایەتـە پیرۆزەکـانی قورئـانیو فــەرموودەکانی پێغەمبــەری خوایــت ﷺ، نــەك پابەنــدی مۆدەو سەرگەردانبووی شوێنی ئەم و ئەو .

بۆ ئەو خوشکانەم : کە نایانەوێ هەڵخەڵەتاوی ئەو کەسانە بن کـە بـەناو مافەکانیانـەوە ئەیانـەوێ پۆشـاکی حیـشمەتی لـە بـەر داکـەنن، ئـەوەش نـەك لـە بـەر ئافرەتـان بـەڵکو لـە بـەر تێرکردنـی ئـارەزووە گڵاوەکانیان، بۆ ئـەوەی لـە کۆتایـدا تـۆی بـەڕێز وەکـو گـوڵێکی گـەڵا هـەڵوەریو بـە جـێ بهـێڵن ! ! دوای ئـەوەی وەکـو بوکـە شووشـەی دەستی منداڵان یاری خۆیانت پێدەکەن ! ! !

گەوهــەرە بەنرخەکــەم : لــەم نووســراوەدا ئــەوەت بــۆ ڕوون دەکەمەوە کە ئەگەر تۆی بەڕێز کەوتیتە بەرچاوی نامـەحرەمان ئـەبێ چیت بەسـەرەوە بێـت ؟ و مەرجەکانیـشی چـیـیە ؟ بـۆ ئـەوەی ئـەو عیبادەتەی کە بڕیارت داوە کە ئـەنجامی بـدەیت (کـە حیجابەکەتـە) بـێ کـەمو کـوڕی بێـتو تـیرو تەسـەلتر بێـت، بـۆ ئـەوەی ڕەزامەنـدی

پەروەردگارت بە دەست بهێنیت، و گەواهیەكی تەواویش بێت لە سەر ئیمانەكەت، و پارێزەرێكیش بێت بۆ پاراستنت لە دونیاو دوا ڕۆژیشدا.

داواكارم پەروەردگار زیاتر یارمەتی دەری من و تۆش بێت بۆ جێبەجێ كردنی فەرمانەكانیو پابەندبوون بە ئاینە پیرۆزەكەی .

خوشكی بەڕێزم : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ (سورة الأحزاب : ٥٩) .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزانو كچەكانتو ئافرەتی بڕواداران بڵێ با جلبابەكانیان (جلبابیش : واتە : عابا) بدەن بە خۆیاندا، ئەوەش نزیك ترە بۆ ئەوەی كە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە، تا ئەزیەت و ئازار نەدرێن، پەروەردگاری تۆش لێبووردە و میهرەبانە .

تەفسیر و ڕاڤەی ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز :

(ابن كثير) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (يقول الله ـ تعالى ـ آمراً رسوله ﷺ تسليماً أنْ يأمر النساء المؤمنات ـ خاصة

أزواجه وبناته لشرفهن ــ بأنْ يُدنين عليهن من جلابيبهن ليتميــزن عـــن سمات نساء الـــجاهلية وسمات الإماء ، والـــجلباب هـــو الـــرداء فـــوق الـــخمار، قاله ابن مسعود وعبيدة وقتادة والـــحسن البصري وسعيد بـــن جبير وإبراهيم النخعي وعطاء الخراسانـــي) [١].

واته : خوای پەروەردگار فەرمان دەكات بـە پێغەمبەرەكـەی ﷺ كە فەرمان بكات بە ئافرەتانی بڕوادار ـ بە تایبەت خێـزان و كـچەكانی لـە بـەر ڕێـز و پلـەیان ـ كـە (جلبابـەكانیان) بـە خۆیانـدا بـدەن، بـۆ ئـەوەی جیـا بكرێنـەوە لـە شـێوە و شـێوازی ئافرەتـانی سـەردەمی نەفامی، و شێوەو شێوازی ئافرەتـانی كـەنیزەك، (جلباب **) یـش ئـەو پۆشاكەیە كە لە سەرەوەی سەرپۆشدا ئافرەتان دەیـدەن بـە خۆیانـدا (واتـە : عابا)، ئەمەش ووتـەی :** (ابن مسعود وعبيدة وقتادة والحـــسن البصري وسعيد بن جبير وإبراهيم النخعي وعطاء الخراسانـــي) **یە .**

هـەروەها (القرطبـــــي **) ش ـ بەڕەحمـەت بێـت ـ سـەبارەت بـە تەفسیری ووشەی (** جلابيب **) فەرموویـەتی :** (جمع جلباب : وهو ثوب أكبر من الـــخمار، وروي عن ابن عباس وابن مسعود: أنه الرداء ، وقـــد قيل: إنه القناع ، والصحيح أنه الثوب الذي يستر جميع البـــدن وفـــــي

---

(١) تفسير القرآن العظيم لابن كثير : (٣ / ١٥١٠) .

"صحيح مسلم" [١] عن أم عطية قلت : يا رسول الله ﷺ إحدانا لا يكون لـــها جلباب ؟ قال : لتلبسها أختها من جلبابـــها) [٢].

واته : ئه‌م ووشه‌یه كۆیه و تاكه‌كه‌شی (جلباب) **ـه : كه بریتی‌یـه له پۆشاكێكی گه‌وره‌تر له سه‌رپۆش، وه ده‌شگێڕنه‌وه لـه**(ابن عباس)، **و** (ابن مسعود) ﷺ **فه‌رموویانـه:** (جلباب : **بریتی‌یـه لـه‌و پۆشـاكه‌ی كه سه‌ر شان و پشت و پێش پێ داده‌پۆشرێت تـا ئاسـتی نـاوك)، وه ووتراوه:** (قناع)**ـه كه بریتی‌یـه لـه‌و پۆشـاكه‌ی كـه هه‌نـدێك فـراوانتر و گـه‌وره‌تره لـه سـه‌رپۆش) ، بـه‌ڵام ووتـه‌ی ڕه‌وا ئه‌وه‌یـه بوترێـت: ئـه‌و پۆشاكه‌یه كه هه‌موو له‌ش داپۆشێت، هه‌روه‌كو له** "صحيح مـــسلم" **دا هاتووه له** (أم عطية) **ه‌وه كه فه‌رموویـه‌تی : ووتم : ئـه‌ی پێغه‌مبـه‌ری خـوا** ﷺ **ئـه‌ی ئه‌گـه‌ر یـه كێكمـان عابـای نـه‌بوو ؟ فـه‌رمووی: بـا خوشكه‌كه‌ی له عاباكانی خۆی بداتی و له به‌ری بكات .**

شێخی پایه به‌رزی ئیسلام و فـه‌رمووده ناسـی سـه‌رده‌م (محمـــد ناصرالدين الألبانـــي) **به ڕه‌حمه‌ت بێت فه‌رموویـه‌تی :** (ثُمَّ إنَّ الله تعالى ... **أمرها** ـــ في الآية الأخرى ـــ **إذا خرجت من دارهـا أن تلتحـف فـوق ثيابها وخمارها بالجلباب أو الـملاءة لأنه أستر لهـا وأشـرف لـسيرتها**

---

[١] صحيح البخاري رقم : (٣٢٤) وصحيح مسلم رقم : (٨٩٠) .

[٢] تفسير القرطبـــي : (١٤ / ٢٤٣) ، **هه‌روه‌ها بڕوانـه** : "فتح القدير" للشوكانـــي : (٤ / ٣٠٤) .

وهي قوله تعالى : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ (سورة الأحزاب : ٥٩) ... **والجلباب : هو الملاءة التي تلتحف به المرأة فوق ثيابها على أصح الأقوال** وهو يستعمل في الغالب إذا خرجت من دارها كما روى الشيخان و غيرهما عن أم عطية رضي الله عنها قالت : " أمرنا رسول الله ﷺ أن نخرجهن في الفطر والأضحى: العواتق والحيض وذوات الخدور فأما الحيض فيعتزلن الصلاة ويشهدن الخير ودعوة المسلمين . قلت : يا رسول الله إحدانا لا يكون لها جلباب ؟ قال : لتلبسها أختها من جلبابها "[1].

قال الشيخ أنور الكشميري في (فيض الباري) (١ / ٣٨٨) تعليقا على هذا الحديث : (**وعلم منه أن الجلباب مطلوب عند الخروج وأنها لا تخرج إن لم يكن لها جلباب** .

والجلباب رداء ساتر من القرن إلى القدم)[1] .

واتە: پاشان خوای پەروەردگار ... فەرمانی پێكردووە ـ لە ئایەتەكەی تردا ـ ئەگەر لە ماڵ چووە دەرەوە ، ئەوا لە سەرووی پۆشاك و سەرپۆشەكەشیەوە (جلباب) یان (عابا) بدات بە خۆیدا،

[1] صحيح البخاري رقم : (٩٧٤) وصحيح مسلم رقم : (٨٩٠) وصحيح سنن أبي داود رقم : (١١٢٤) وصحيح سنن الترمذي رقم : (٥٣٧) .

[1] جلباب المرأة المسلمة : (٨٢ ــ ٨٤) .

چونكه ئەوه زیاتر دەیپارێزێت، و سەنگینتره بۆ ڕێكردنی، ئەوەش لەم ئایەتەدا كه خوای پەروەردگار تێیدا فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ .

جلبابیش : بریتی یه له عابا كه ئافرەت خۆی پێدادەپۆشی له سەر هەموو پۆشاكەكانیەوه ، له ڕەوا ترین ووتەی زانایان ، ئەوەش زیاتر به كاردەهێنرێت له كاتی دەرچوونیدا له ماڵ ، هەروەكو دوو شێخی پایه بەرز (البخاري و مسلم) و جگه لەوانیش بۆمان دەگێڕنەوه له (أم عطية)ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ كه فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێكردین كه ئەمانه دەربكەین له گەڵ خۆماندا : (كچانی پێگیشتو و ئەوانەش كه له بێنوێژیدان و ئەوانەش له (خدردان / كه جێگایەكی تایبەته بۆ كچان له ماڵدا) سەبارەت بەوانەی كه له بێ نوێژیدان (حيض) نوێژیان له سەرنی‌یه ، بەڵام خێر و پاڕانەوەی موسڵمانان دەبینن . دەڵێت : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر یه كێكمان عابای نەبوو ؟ فەرمووی : با خوشكەكەی له عاباكانی خۆی بداتی و له بەری بكات .

شێخ ئەنوەری كشمیری له (فيض الباري) له (١ / ٣٨٨) دا سەبارەت بەم فەرموودەیه فەرموویەتی: " **لەم فەرموودەیەوه**

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جلباب پێویستە لە کاتی دەرچووندا ، وە ناشبێت بڕواتە دەرەوە ئەگەر جلبابی نەبێت .

جلبابیش : پۆشاکێکە سەرتا پای ئافرەت دادەپۆشێت " .

وە زانای پایە بەرزی ئیسلام شێخ (**ابن باز**) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە واتای (**جلابيبهن**) فەرموویەتی : (والجلباب ما يوضع على الرأس والبدن فوق الثياب ، وهو الذي تغطي به النساء الرأس والوجه والبدن كله ...) [1] .

وە لە شوێنێکی تردا فەرموویەتی : (والجلباب : هو الرداء فوق الخمار بمنزلة العباءة) [2] .

واتە : جلباب ئەو پۆشاکەیە کە ئافرەتان لە سەرەوەی جلەکانیانەوە بە خۆیاندا دەیدەن ، و سەرتا پایان دەگرێتەوە .

پاشان فەرموویەتی : (ومن أدلة السنة أن النبي ﷺ لما أمر بإخراج النساء إلى مصلى العيد قلن : يا رسول الله إحدانا لا يكون لها جلباب ؟ فقال : النبي ﷺ : " لتلبسها أختها من جلبابها " (رواه البخاري ومسلم) [1] .

---

[1] (٦) فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز ، السؤال السابع ضمن (أسئلة وأجوبة بعد محاضرة "عمل المسلم") .

[2] (٧) فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز ، ضمن رسالة : (الاختلاط والسفور) .

[1] صحيح البخاري رقم : (٣٢٤) وصحيح مسلم رقم : (٨٩٠) .

فهذا الـحديث يدل على أن الـمعتاد عند نساء الصحابة ألاَّ تخرج الـمرأة إلاَّ بـجلباب)[٢].

واتە : وە لە بەڵگەكانی سوننەت ئەو فەرموودەیەیە كە پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا كاتێك فرمانی كرد بە دەرچوونی ئافرەتان بۆ شوێنی نوێژی جەژن ، فەرموویان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر یە كێكمان عابای نەبوو ؟ فەرمووی : با خوشكەكەی لە عاباكانی خۆی بداتی و لە بەری بكات .

ئەم فەرموودەیەش ئەوە دەگەیەنێت كە لەو سەردەمەدا ئەوە باو بووە لە ناو ئافرەتانی صەحابەدا كە نابێت ئافرەتان لە ماڵ بڕۆنە دەر بەبێ عابا .

هەروەها فەرموویەتی : (والـجلباب : لباس تضعه المـرأة فوق رأسها وعلى جميع بدنها فوق ثيابها العادية لمزيد الستر والبعد عن الفتنة . هكذا ينبغي للمرأة سواء كانت بدوية أو حضرية ، الواجب عليها أن تتمسك بحكم الإسلام وأن تجتهد في ستر عورتها ...)[١].

واتە : جلباب : پۆشاكێكە ئافرەتان دەیدەن بە سەر سەر و هەموو لەشیاندا لە سەرەوەی پۆشاكە ئاسایییەكانیانەوە ، بۆ زیاتر

---

[٢] فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز .

[١] فتاوى ومقالات الشيخ ابن باز .

پۆشین و دووركەوتنەوە لە فیتنە . ئەم شێوەیە پێویستە لە سەر ئافرەتان ، خەڵكی گوندو لادێ بێت ، یان خەڵكی شارەكان ، پێویستە لە سەری پابەند بێت بە حوكمی ئیسلامەوە ، و كۆشش بكات و هەوڵبدات بۆ داپۆشینی عەورەتی ...

جارێكی تر شێخ (**محمد ناصر الدين الألباني**) بەرەحمەت بێت **فەرموویەتی :** (فالحقُ الذي يقتضيه العمل بما في آيتي النور[٢] والأحزاب[١] : أنَّ المرأة يجب عليها إذا خرجت من دارها أن تختمر وتلبس الجلباب على الخمار لأنه كما قلنا سابقا أستر لها وأبعد عن أن يصف حجم رأسها وأكتافها وهذا أمر يطلبه الشارع)[٢].

---

[٢] **مەبەستی ئەم ئایەتەیە :** ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاء وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (سورة النور : ٣١) .

[١] **مەبەستی ئەم ئایەتەیە :** ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ (سورة الأحزاب : ٥٩) .

[٢] جلباب المرأة المسلمة ص : (٨٥) .

واته : به پێی دوو ئایه‌تی سوره‌تی (النـــور) و (الأحـــزاب) ئه‌وه پێویست ده‌بێت كه ئافره‌ت ئه‌گه‌ر ده‌رچوون له ماڵه‌كه‌ی ، خۆی داپۆشێت به‌وه‌ی كـه لـه سـه‌ر سه‌رپۆشـه‌كه‌یه‌وه عابا بـدات ، چـونكه ئه‌وه ـ هه‌روه‌كو له پێشدا ووتمـان ـ پۆشـته تـره بۆیـان ، و دوورتـره له‌وه‌ی كه قه‌باره‌و شێوه‌ی سه‌ر و شانی ده‌ربخات ، ئه‌وه‌ش كردارێكه شه‌ریعه‌تی ئیسلامی پیرۆز له ئافره‌تان داوای ده‌كات .

وه فه‌رموویه‌تی : (واعلم أن هذا الجمع بين الخمار والجلبـــاب مـــن المرأة إذا خرجت قد أخل به جماهير النساء المسلمات فإن الواقع منهن إمـــا الجلباب وحده على رؤوسهن أو الخمار وقد يكون غير سابغ في بعـــضهن كالذي يسمى اليوم بـــ(الإشارب) بحيث ينكشف منهن بعض ما حـــرم الله عليهن أن يظهرن من زينتهن الباطنة كشعر الناصية أو الرقبة مثلا)[٣].

واته : بزانه ئه‌وه‌ی كه پێویسته له سه‌ر ئافره‌تان لـه سـه‌رپۆش و عابا دان لـه گـه‌ڵ یه‌كدا لـه كـاتی ده‌رچـونیاندا ، ئافرتـانی موسـڵمان زۆربه‌یان كه‌مته‌رخه‌من تیایدا ، چـونكه هـه‌روه‌كو لـه واقعـدا ئـه‌بینرێن یان عابا به ته‌نها ده‌ده‌ن بـه سـه‌ریاندا ، یـان سـه‌رپۆش ، جـاری واش هه‌یه داپۆشه‌ری ته‌واو نی‌یه له هه‌ندێكیاندا ، وه‌كو ئـه‌وه‌ی كـه ئـه‌مرۆ پێـی ده‌ووترێـت (الإشـــارب) بـه شـێوه‌یه‌ك هه‌نـدێك لـه‌و به‌شـانه

(٣) جلباب الـــمرأة الـــمسلمة ص : (٨٥) .

دەردەكەوێت كە خوای پەروەردگار حەرامی كردووە لە سەریان دەریخەن لە جوانیەیە شاراوەكانیان ، وەك پرچی پێشە سەریان یان گەردنیان بۆ نمونە .

عابا تەنها بۆ كاتی دەرچوون نی یە لەماڵ !

شێخ (**محمد ناصر الدين الألباني**) بەرەحمەت بێت لە ڕوون كردنەوەیەك دا سەبارەت بە ووتەی شێخ (أنور الكشميري) فەرموویەتی : (ثُمَّ إنَّ قوله : (والجلابيب عند الخروج) لا مفهوم له إذ إن الجلباب لستر زينة المرأة عن الأجانب فسواء خرجت إليهم أو دخلوا عليها فلا بد على كل حال من أن تتجلبب ويؤيد هذا ما قاله قيس بن زيد : (صحيح) (إنَّ رسول الله ﷺ طلق حفصة بنت عمر ... فجاء رسول الله ﷺ فدخل عليها فتجلببت فقال رسول الله ﷺ : " إن جبريل أتاني فقال لي أرجع حفصة فإنها صوامَّة قوامَّة ، وهي زوجتك في الجنة ") [1] .

واتە : پاشان كە شێخ دەفەرمووێت : "عابا لە كاتی دەرچووندا دەبێت " هیچ واتایەكی لێرەدا نیەیە ، چونكە عابا بۆ شاردنەوەی جوانی ئافرەتانە لە نامەحرەم ، وەك یەكە ئەگەر ئەم بڕواتە دەروە ،

[1] (سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٠٠٧) و "جلباب المرأة المسلمة" ص : (٨٧) .

یان ئەوان بڕۆنە ژوورەوە ، كە پێویستە لە هەردوو بارەكەدا هەر عابا بدات بە سەریدا ، ئەوەش پاڵپشتی ئەم ووتەیە بكات ئەو ووتەیەیە كە (قیس) ی كوڕی (زید) فەرموویەتی :

كە پێغەمبەری خوا ﷺ حەفصەی كچی عومەری تەڵاق دا ... پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆشتە ژوورەوە بۆ لای ئەویش عاباكەی بە دا خۆیدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : جبریل هاتۆتە لام پێی فەرمووم : حەفصە بگەڕێنەوە چونكە زۆر بە ڕۆژوو دەبێت و بە زۆریش شەونوێژ دەكات ، خێزانیشتە لە بە هەشت دا .

مەرجەكانی عابای ئافرەتان

(**اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء**) لە فەتوای ژمارە (٢١٣٥٢) ەیان دا ، لە بەرواری (٩ / ٣ / ١٤٢١**ك**) دا سەبارەت بەپرسیارێك فەرموویانە [1] :

---

[1] اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء ، **بە سەرۆكایەتی** :(الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن محمد آل الشيخ) ، **و ئەندامێتی هەریەك لە** (الشيخ صالح بن فوزان الفوزان) ، و (الشيخ عبدالله بن عبد الرحمن الغديان) ، و (الشيخ بكر بن عبدالله أبو زيد) .

(شوکر و ستایش تەنها بۆ پەروەردگار و درووود و سەلامیش لە سەر ئەو پێغەمبەرە بێت کە هیچ پێغەمبەرێکی بە دوادا نایەت ﷺ .. پاشان : (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء) چاوی خشاندووە و بەئاگایە لەو پرسیارەی کە لە لایەن (عبد العزيز الدهام) ەوە کراوە لە بەڕێز جەنابی موفتی هەموو وڵات ، کە لە ویشەوە نێردراوە بۆ (اللجنة من الأمانة العامة لـــهيئة كبار العلماء) بە ژمارەی (٩٣٤) و لە بەرواری (١٢ / ٢ / ١٤٢١) ی کۆچی دا .

تیایدا پرسیارکار پرسیارێك دەکات ئەمە دەقەکەیەتی : " لەو دواییانەدا عابایەك بڵاو بووەتەوە بەشێوەی لەش دەدووررێت ، و تەسکیشە ، و لە دوو پارچەی تەنك لە قوماشی (کرپ) درووست دەکرێت و دوو دەربالّی فراوانیشی هەیە ، نەخش و تەتریزیشی پێوەیە ، و دەدرێت بە سەر شاندا [1] .

جا حوکمی شەرع چیە سەبارەت بەم جۆرە عابایانە ؟ وەڵاممان بدەنەوە خوای پەروەردگار پاداشتان بداتەوە ، پێشنیاری ئەوەش

---

[1] **تێبینی** : ئەم جۆرە عابایە لە کوردستانی خۆماندا پێی دەوترێت (عابای خەلیجی) ، وە لە وڵاتانی خەلیجدا پێی دەوترێت (عابای فەرەنسی) ، وە شایەنی بیرخستنەوەیە سەپاندنی ناوی (عابا) بە سەر ئەم جۆرە پۆشاکە سەرنج ڕاکێش و ڕازراوەیەدا کە دەدرێت بە سەر شاندا یەکێکە لە پیلان و فێڵ و داوەکانی شەیتان و شوێنکەوتووەکانی بۆ سەرشێواندن لە ئافرەتی موسڵمانان .

دەكەم ـ خوای پەروەردگار بتانپارێزێت ـ كە ووتەیەك ئاراستەی وەزارەتی بازرگانی بكەن بۆ ڕێگرتن لەم جۆرە عابایە وهاوشێوەكانی " .

وە دوای لێكۆڵینەوە و تاوتوێكردنی لیژنە بەم شێوە وەڵام دەداتەوە كە عابای شەرعی بۆ ئافرەت بریتییە لە (الجلباب) : كە بریتییە لە ئەوەی كە مەبەستی شەرعی پێ جێبەجێ دەبێت لە داپۆشینی تەواو ، دوركەوتنەوە لە فیتنە ، لە سەر ئەم ووتەیەش پێویستە عابای ئافرەتان ئەم مەرجانەی تێدا بێت :

یەكەم : (أن تكون سميكة لا تظهر ما تحتها ، ولا يكون لها خاصية الالتصاق) ، واتە : ئەبێت ئەستووربێت ، بە شێوەیەك ئەوەی لە ژێریدایە دەری نەخات ، و بە لەشیشەوە نەلكێت (واتە : سیفەتی لاستیكی تێدا نەبێت) .

دووەم : (أن تكون ساترة لجميع الجسم ، واسعة لا تبدي تقاطيعه) ، واتە : ئەبێت هەموو لەش دابپۆشێت ، و فراوانیش بێت بەشەكانی لەش دەرنەخات .

سێیەم : (أن تكون مفتوحة من الأمام فقط ، وتكون فتحة الأكمام ضيقة) ، واتە : ئەبێت تەنها لە پێشەوە كرابێتەوە ، و دەرباڵەكانیشی تەسك بێت .

چـوارەم : (ألاّ يكون فيها زينة تلفت إليها الأنظار ، وعليه فلا بد أن تخلو من الرسوم والزخارف والكتابات والعلامات) **، واتـە : ئـەبێت هـیچ جۆرە جوانیەكی تێدا نەبێت سەرنجی دەور و بەر بۆ خـۆی ڕابكێـشێت ، ئەمەش ئـەوە دەگەیـەنێت كـە ئـەبێت دوور بێـت لـە هـەموو وێنـە و زەخرەفە و نووسین و نیشانەیەك .**

پێنجەم : (ألاّ تكون مشابـــهة للباس الكافرات أو الرجال) **، واتـە : ئـەبێت هاوشـێوەی پۆشـاكی ئافرەتـانی بـێ بـڕوا نـەبێت ، یـان هاوشێوەی پۆشاكی پیاوان .**

شەشەم : (أن توضع العباءة على هامة الرأس ابتداءً) **، واتـە : ئـەبێت سەرەتاكەی بدرێت بە سەر سەردا نە شوێنی تر .**

لـە سـەر هـەموو ئـەوەی پێـشوو ، ئـەوە دەردەكـەوێت كـە ئـەو عابایەی لە پرسیارەكەدا باسكرا عابایەكی شەرعی نیە بـۆ ئافرەتـان ، بۆیە نابێت لە بـەر بكرێـت ، چـونكە ئـەو مەرجانـەی تێـدا نیـە كـە پێویستە تێیدا هەبێت ، هەروەها نابێت هیچ عابایەكی تر لەبەر بكرێت كە ئەو مەرجە پێویستانەی تێدا نەبێت ، وە ناشبێت وەكو شـتومەكی بازرگـانی بهێنرێـت ، و دروسـت بكرێـت ، بفرۆشـرێت ، و بایـەخی پـێ بدرێت لـە نـاو موسـڵمانان‌دا ، چـونكە ئـەوە بەشـداری كردنـە لـە سـەر تـاوان و سـتەم كـردن ، خـوای پـەروەردگاریش فەرموویـەتی : ﴿ وَلاَ

تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ (المائدة : ٢) .

وە لیژنەش کە ئەوە ڕوون دەکاتەوە ، ئامۆژگاری ئافرەتانی بڕوادار دەکات بەوەی لە خوا بترسن و پابەندی تەواوی خۆداپۆشین بن بۆ جەستەیان ئەوەش بە عابا و سەرپۆش دان لە پیاوانی نامەحرەم ، ئەوەش گوێڕایەڵی بێت بۆ خوای پەروەردگار ، و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، وە بۆ دوورکەوتنەوە لە هۆکارەکانی فیتنە و تووشی فیتنە کردن .

سەرکەوتنیش تەنها لە لای خوای پەروەردگارە .

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

فەتوایەکی شێخ (ابن العثيمين) و ئامۆژگاری بۆ ئافرەتان [1] :

پرسیار : ما حكم لبس العباءة التي في أطرافها ، أو أكمامها قيطان أو غيره ؟ واتە : حوکمی پۆشینی ئەو عابایە چی کە لە لاکانی ، یان لە دەرباڵەکانی قەیت یان جگە لەوە هەیە ؟

---

[1] موسوعة الفتاوى الإسلامية ، رقم الفتوى : (٤٥٢٧) .

وەڵام : محرم حيث أنه يؤدي إلى الفتنـــة . واتـه : حه‌رامـه چـونكه ئه‌بێته هۆی فیتنه .

پاشان ئامۆژگاری ئافره‌تان ده‌كات و ده‌فه‌رمووێت :

خوشكی موسڵمانم : ژیـری و بـیری خـۆت بكـه بـه دادوه‌ر و بـاش تێڕوانین بكه له پۆشینت بۆ عابا ، ئایا ڕێی تێده‌چێت جوانیـه‌ك بـه جوانیه‌كی تر دابپۆشی! وه ئایا حیجاب بـۆ ئـه‌وه شـه‌رع نـه‌كراوه كـه ئه‌و جوانی‌یه دابپۆشێت! ! ؟ جا با چاوڕۆشن بین لـه كرداره‌كانمانـدا ، وه ئه‌وه‌ش بزانین : كه دوژمنانی ئیسلام پیلان ده‌گێڕن دژ به حیجـاب ، جا ئه‌ی خوشكی موسڵمانم خۆت رزگار كـه ، چـونكه خۆشـی دونیـا خۆشیه‌كی كه‌مـه ، دوارۆژ یـش باشـتره بـۆ لـه خـوا ترسـان ، نه‌كـه‌ی بوغرا بیت به سامان وماڵه‌كه‌ت ! ! وه بـه جوانی‌یه‌كـه‌ت ! ! ! چـونكه ئه‌و شتانه هیچ سوودت پێ‌ناگه‌یه‌نن له لای خوا ! ! !

منـیش لێـره‌دا ئـه‌وه‌ت یاد ده‌خه‌مـه‌وه و ده‌تترسـێنم بـه‌وه‌ی كـه پێغه‌مبه‌ری خـوا ﷺ ئـاگری دۆزه‌خیـان پێ‌پیـشان دراوه ، و زۆربـه‌ی ئـه‌هلی دۆزه‌خ ئـافره‌ت بـووه ، وه ئاگـادارت ده‌كه‌مـه‌وه لـه‌وه‌ی كـه پێغه‌مبه‌ری خـوا ﷺ سـه‌باره‌ت بـه ئافره‌تـان فه‌رموویـه‌تی كـه تـۆش یه‌كێكیت لێیـان : "اتقوا الدنيا واتقوا النساء ، فـــإنَّ أول فتنـــة بنــــي

إسرائيل كانت في النساء" [1] ، واتـە : لـە فيتنـەی دونيا بترسـن و لـە فيتنەی ئافرەتـان ، چـونکە يەکـەم فيتنـەی بـەنی ئيـسرائيل فيتنـەی ئافرەت بووە ، وە خۆت ڕزگار بکە لـە ئـاگری دۆزەخ ، ئـەوەش بزانـە تـۆ زۆر لـەوە لاواز تـری بەرگـەی ئـەو ئـاگرە بگريت ، چـونکە ئەگـەر کێوەکـان بخرێنـە نـاو ئـەو ئـاگرە دەتوێنـەوە ، جـا تـۆ چـيت ئەگـەر بەراورد بکرێيت لە گەڵ ئەو کێوە سەرکەسانە ؟! جا خۆت ڕزگار بکـە لەو ئاگرە ، و وەڵامی بانگەشە خوازی ڕەوايـی بـدەوە ، بـشزانە : "أنَّ من ترك شيئاً لله عوضه الله خيراً منـــه" [2] ، واتـە : ئـەو کەسـەی لەبـەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار واز لە شتێك بهێنێت خـوای پـەروەردگار لــەو شــتە باشــتری پێدەبەخــشێت ، وە تــەنها دواڕۆژيــش شــوێنی پاداشت و هەوڵەکانمانە با هەرچەند ئاواتەکانمان دوربێـت ، جـا نـازانم

---

(1) صحيح مسلم رقم : (٢٧٤٢) .

(2) صحَّ هذا الـــحديث بلفظ : "إنَّك لن تدع شيئاً لله عزَّ وجل ، إلاَّ بدَّلك اللهُ به ما هو خير لك منه" أخرجهُ وكيع فـــي "الزهـــد" : (٢ / ٦٨ / ٢) ، وعنـــه أحمـــد : (٥ / ٣٦٣) ، والقضاعـــي فـــي " مسند الشهاب" رقم : (١١٣٥) وسندهُ صحيح علـــى شرط مسلم قالهُ الشيخ الـــمحدِّثُ العلاَّمـــة الإمام الألبانـــي رحمه الله فـــي " سلسلة الأحاديث الضعيفة" : (١ / ٦١ ـــ ٦٢) ، أمَّـــا اللفظ الذي ذكرهُ الشيخ العلاَّمـــة ابن العثيمين رحمـــهُ الله فـــرغم اشتهارهِ علـــى ألسنة كثير من الدعاة والـــخطباء وغيرهم فلـــم أقف عليهِ فـــي الـــمصادر التـــي بحثتُ فيها عنه رغم أنَّ الشيخ الألبانـــي رحمه الله قد ذكرهُ فــــــي كتابـــه الفريـــد : "جلباب الـــمرأة الـــمسلمة" ص : (٤٧) وقال : رواه أحـــمد بسندٍ صحيح ، والله أعلم .

چیت دەوێت لە پۆشینی ئەم عابا ڕازاوەیە کە بە سەدەها دەیکڕیت ؟! لە کاتێکدا کە دەخرێیتە ناو گۆڕەکەت هەرزانبایی ترین پارچەت پێوە دەپێچرێت !! ئایا ئەم عابایە سوودت پێدەگەیەنێت لە تاریکی قەبرەکەتدا ؟!! جا بیر لە خۆت بکەوە کە دەچیتە ئەو شوێنە .

خوشکی بەڕێزم

چی ڕێگریت دەکات لە باڵاپۆشی؟!

وەرگێڕانی
مامۆستا فەرەیدون محمد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على عبده ورسوله نبينا محمد واله وصحبه .

بێگومان شەریعەتی ئیسلام شەریعەتی هەمە لایەنەیەو هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوەو هیچ لایەنێکی فەرامۆش نەکردووە و هەر

لە بچوکترین شت تاوەك گەورەترین شت کە بگونجێت بۆ هەموو کات و شوێن وچینەکانی کۆمەڵگە بە نێرو مێیەوە، یەکێك لەو باسانەی کە خوای گەورە زۆر گرنگی پێ داوە بریتییە لە مافەکانی ئافرەت هەر لە ژیان ومیراتیو شوکردن وخووڕەوشت وپۆشینی جلو بەرگ ودایکایەتی و ... هتد .

جا لێرەوە ئەوەی مەبەستمانە لەم پەیامەوە بیگەیەنین بەهەموو موسڵمانێکی حەق وویست ئەوەیە کە بە ڕاستی خوای گەورە زۆر گرنگی داوە بە پۆشاکی ئافرەتی موسوڵمان وجەختیش لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە ئافرەتی موسڵمان هەموو لاشەی دابپۆشێت، چونکە خوای گەورە خۆی کە دروست کەری مرۆڤەکانە دەزانێت کە لەشی ئافرەت چەند کاریگەری هەیە لەسەر پیاو، هەر بۆیە لەم ڕووەوەیە کە دوژمنانی ئیسلام هەستیان بەم خاڵە کردووەو یەکێك لەو چەکانەی کەبەکاریان هێناوە لە دژی موسڵمان بریتییە لە بانگەشەکردنی ڕووتیو سفووری ئافرەت، کەواتە خوشکی بەڕێزم بالاپۆشی چقڵی چاووی دوژمنانی ئیسلام وموسڵمانەو هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ پاراستی کۆمەڵگە لە بەدڕەوشتیو خراپەکاریو ئابڕوو چوون، چونکە بە ڕاستی ئێوە بناغەی کۆمەڵگەن وکۆمەڵگەیش بە ئێوەوە بەندە جا ئەگەر بەڕێزت پەیوەست بووی بە حیجاب

وپۆشاکی شەرعی ئەوا خۆت لە تووڕەیی خوای گەورە دەپارێزیت، وە ئەگەر بە پێچەوانەوە بوویت ئەوا یەکێکی لەوانەی کە بەر تورەیی خوای گەورە دەکەویت پەنا بە خوا، بۆیە ئەوەی لەم بابەتەدا دەیخوێنیتەوە کۆمەڵێك پرسیارن ئاراستەی چەند خوشکێك کراوە سەبارەت بەوەی : (ڕێگرەکانی بەردەم باڵا پۆشیت چین ؟) .

جابۆیە خوای گەورە باڵا پۆشی لەسەر ئافرەتان فەرز کردووەو تۆیش ئەگەر دەتەوێت شوێنکەوتەی خێزانەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بیت ئەوا دەبێت جلو پۆشاکەکەت بە وێنەی جلو پۆشاکەکەی ئەوان بێت، هەروەها هۆی حیجاب نەکردنی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ چەند عوزرو بیانوویەك کە ئەمەش لە ئەنجامی ئەو پرسیارەی ئاراستەی چەند ئافرەتێك کراوە دەرکەوت چەند بیانوویەکیان هەبوو زۆر لاوازو وەرنەگیراو، کەواتە خوشکی بەرێزم لەوانەیە بیانووەکانی تۆش یەکێك بێت لەم بیانووانە:

پ/ ئەو هۆکارانە چین کە ناهێڵن ببیت بە (حجاب) باڵا پۆش ؟

بیانووی یەکەم : یەکێك لەو ئافرەتانە ووتی : من هێشتا قەناعەتم بە حجاب نی‌یە !!!

ئێمەش دوو پرسیار لەو خوشکە دەکەین :

١ ـ ئایا تۆ لە بنەڕەتدا قەناعەتت بە ئیسلام هەیەو باوەڕی پێ دەكەیت؟ بێگومان لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ، (أشهد أن لا إلــه إلا ألله وأشهد أن محمداً رســول الله) كە ئەمەش قەناعەتە بەدینی ئیسلام وبەمەش حسابی موسڵمانت بۆ دەكرێت، واتە: یاساكانی ئیسلامت بە دڵنیایی‌یەوە وەرگرتووەو بە بەرنامەی ژیانی خۆشتی دەزانی.

٢ ـ ئەی ئایا باڵا پۆش لە ئیسلامدا فەرز نی‌یە؟ لێرەشدا ئەگەر خۆی وێڵ نەكات ولە تەواوی ڕاستی‌یەكان پشت هەڵنەكات دەڵێت: بەڵێ .

دەی كەواتە ئەو خوایەی كە تۆ باوەڕت پێی هێناوەو بە خوای خۆتی دەزانی وئەو پێغەمبەرەی (ﷺ) كە دانی پێدا دەنێیت وبە ڕاستی دەزانیت هەر ئەویش فەرمانت پێ دەكات بە باڵا پۆشی، جا لێرەوە ئایا دەبێت باوەڕت بە خواو پێغەمبەرەكەی(ﷺ) وبەرنامەكەی هەبێت، بەڵام فەرمانەكانیشی پشت گوێ بخەیت وكاری پێ نەكەیت لە كاتێكدا ئەگەر پێچەوانەی قسەكەی خۆت بیت ئەوا ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە ناتگرێتەوە كە دەفەرمێت : ﴿ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ (النور : ٥١) .

واتـە : گوفتـاری بـاوەڕداران کاتێـك بـانگ دەکرێـت بـۆ لای خـواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) تا فەرمانڕەوای بکات لە نێوانیاندا تـەنها ئەوەیـە کە دەڵێن: بیـستمان و گوێڕایـەڵین بـۆ هـەموو فـەرمانێکی شـەرع، وە هەر ئەوانەشن کە سەرفرازوو سەرکەوتوون .

بیانووی دووەم : ئافرەتێکی تـر ووتـی : لـە وڵاتەکـەم ئـاوو هـەوا گەرمەو ناتوانم حیجاب بکەم ؟

ئێمەش لە وەڵامدا بەو ئافرەتـەو نمونـەی ئـەو ئافرەتـە دەڵـێین : خوشکی بەڕێز ئایا گەرمای دونیاو گەرمای تیشکی خۆر گـەرمترە یـان گەرماو هەڵاوی ئاگری دۆزەخ؟ وەك خـوای گـەورە دەفـەرمێت : ﴿ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ﴾ (التوبة: ٨١) .

واتـە : ئـەی محمـد(ﷺ) پێیـان بڵـێ ئـاگری دۆزەخ زۆر گـەرمترە ئەگەر تێبگەن وبیرو هۆشیان بخەنە کار .

کەواتە چۆن گەرمی وولاتەکەت وەك ئاگری دۆزەخە؟!

بۆیە بزانـە ئـەوە تـەنها شـەیتان تـۆی لـە خـشتە بـردووەو هـەڵی خەڵەتاندووی وکەوتویتەتە داوییەوەو بە بیانووی ئـەوەی لـە گـەرمای لاوازی دونیاوە بتگوێزێتەوە بۆ گـەرمای بـەتین و بڵێـسەداری دۆزەخ ، وە بزانە خوشکی بەڕێز ژیـانی دونیـا تـەنها گـەرمای هـاوین و ساردی زستان نیـیە ، بـەڵکو ئـەی چـی دەڵێـی بـۆ وەرزەکـانی تـر ؟! بۆیـە

پێویسته خۆشی دونیاو ڕازاوەکەی بکەیتە قوربانی ڕزگار بوون لە گەرمای دۆزەخ .

خوای گەورەیش دەفەرمێت : ﴿ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا﴾ (النبأ: ٢٤ــ٢٥).

واته : له دۆزەخدا هیچ فێنکی وخواردنێك ناچێژن جگه له ئاوی کوڵاو وکێم وزوخاو.

بیانووی سێیەم: یەکێکی تر لەو ئافرەتانە لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا ووتی: من قەناعەتم بە واجب بوونی حیجاب هەیە بەڵام دایکم ڕێگریم لێ دەکات، وەئەگەر بێ فەرمانی دایکیشم بکەم ئەوا دۆزەخ جێگەمه .

بۆ وەڵامی ئەم خوشکەش دەڵێین: بەڕێزەکەم ئاگادارو وشیار بە ڕاستە دایك وباوکت ڕێزی خۆیان هەیەو بە تایبەتیش دایك، بەڵام لە کاتێکدا ئەوان هانت بدەن بۆ سەرپێچی خوا ئەوا لەو کاتەدا بە گوێ کردنیان دروست نیيەو ڕێی پێ نەدراوە چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمێت : (لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق) [(١)] .

واته : گوێڕایەڵی هیچ دروست کراوێکی خوا ناکرێت لە شتێکدا کە یاخی بوونی خوای تێدا بێت .

---

(١) (صحيح الجامع الصغير، رقم: ٧٥٢٠).

بــه‌ڵێ ڕاســته خــوای گــه‌وره ڕێــزی دایــك و بــاوكی گرتــووه‌و ده‌فـه‌رمێت : ﴿وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾ (النساء: ٣٦).

واته: ئه‌ی خه‌ڵكینه ته‌نها خوا بپه‌رستن و هـیچ جۆره هـاوه‌ڵێكی بـۆ په‌یـدا مه‌كـه‌ن و چـاكه‌كار بـن له‌گـه‌ڵ دایـك وباوكتانـدا، بـه‌ڵام لـه كاتێكدا داوای سه‌رپێچی خوایان لێ كـردی ئـه‌وا : ﴿وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا﴾ (لقمان: ١٥).

واته: ئه‌گه‌ر دایك وباوكت كۆششیان له‌گه‌ڵت كـرد تـا بـه بـێ هـیچ به‌ڵگه‌یه‌ك و زانیـاری‌یـه‌ك هـاوه‌ڵ بـۆ خـوا بڕیـار بـده‌یت ئـه‌وا بـه هـیچ جۆرێك فه‌رمان به‌رداریان مه‌به وبه‌قسه‌شیان مه‌كه.

ده‌ی كه‌واتــه چــۆن گوێڕایــه‌ڵی دایكــت دروســته بــۆ پــشت گــوێ خستنی فه‌رمانی خوایه‌ك كه خۆت ودایكیشتی له نه‌بوونه‌وه هێناوه‌ته بـوون؟! لـه كاتێكـدا خـوا بانگـت ده‌كـات بـۆ به‌هه‌شـت و دایكیـشت دوورت ده‌خاته‌وه له به‌هه‌شـت ، كه‌واتـه فـه‌رمانی كامیـان جـێبـه‌جێ ده‌كه‌یت ؟

بیانووی چواره‌م : خوشكێكی تر بیانووی ئه‌وه بوو كـه ده‌ستیان ناڕوات تا پۆشاكێكی شه‌رعی له‌به‌ر بكات .

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش : ئەم خوشكە لە دوو حاڵەت بەدەر نی‌یە .

یەكەم : یان ڕاستگۆو دڵسۆزە .

دووەم : یان ڕاست ناكات و حیجابێكی گران بەهاو بە مۆدێل وڕازاوەی دەوێ، جارێ لە خوشكی ڕاستگۆوە دەست پێ دەكەیت .

بەڵێ لە كاتێكدا تۆ دەزانی دروست نی‌یە بۆ ئافرەتی موسڵمان بە جل‌و پۆشاكی ناشەرعی‌یەوە بچێتە دەرەوەی ماڵ كە مەرجەكانی شەرعی‌یەتی تێدا نەبوو كە ئەویش پێویستە لەسەر هەموو ئافرەتێكی موسڵمان ئەوە بزانێت، ئەگەر نا ئەوا با پرسیار لە كەسێكی شارەزا بكات: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ (النحل: ٤٣).

واتە : پرسیار بكە لە كەسانی زیرەك و خاوەن زانیاری لە كاتێكدا كە خۆت نایزانی .

بۆیە لێرەوە پێویستە خۆت یەكلا بكەیتەوەو لە شوێنكەوتنی شەیتانی سەرشۆڕ خۆت ڕزگار بكەو ئەوجا هەزاران خوشكی موسڵمان و برایانی دیندار هەن كە دەستی یارمەتیت بۆ درێژ دەكەن‌و خوای گەورەیش دەفەرمێت : ﴿ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ﴾ (الطلاق: ٢-٣).

واتە : جا ئـەوەی لـە خـوا بترسـێت و پارێزگـار بێـت ئـەوا خـوای گەورە دەروی لێ دەكاتەوە، وە بە شێوەیەك رزق و رۆزی بۆ دەنێرێت كە حسابی بۆ نەكردبێت و خۆی پەی پێ نەبردبێت.

هـەروەها بـۆ دووەم كـە ئەمـەیان بـە دوای مۆدێـلو جوانیـدا دەگـەڕێت كـە ئەمـەش لـە دینـی خـوای گـەورەدا زەم كـراوە، چـونكە خوای گەورە دەفەرمێت : ﴿ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ ﴾ (النور: ٣١).

واتە : با جوانی لەش ولاری خۆیان دەرنەخەن بەوەی كە حیجـاب دەپۆشـن، چـونكە حیكمـەتی حیجـاب ئەوەیـە كـە جـوانی ئـافرەت بـشارێتەوەو سـەرەنجی پیـاوی پـێ ڕانەكێـشێ، بـەڵام ئەگـەر خـۆی ڕازاندەوەو جوانی خۆی دەرخست ئەوا پـێی ناوترێـت بـاڵا پـۆش، وە ئەوەی خوا لەسەری فەرز كردووە جێ بـەجێی نـەكردووە. هـەروەها بەڕاستی هەڵەیە ئەگەر وابزانرێت كە ڕێزو پلەو پایە بـە خۆڕازاندنـەوەو شتی جوانەوەیە لە كاتێكدا چاوڵێ كـەری سـەردەم پلـەی هـیچ كەسـی بەرز نەكردۆتەوە، بەڵكو پلـەی بـەرزی تۆبـە: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّـهِ أَتْقَاكُمْ ﴾ (الحجرات: ١٣) .

واتە : بەڕێزترینتان لای خوا ئەوەتانە كە زیاتر لە خوا دەترسـێت و فەرمانەكانی جێ بەجێ دەكات.

هەر بۆیه پرسیار كرا له شێخی پایەبەرز (محمد بن صالح العثیمین) دەربارەی حیجاب و جوانكاری تێیدا؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: (ڕازاندنەوەی جلو بەرگی شەرعی بۆ ئافرەتان به نەخشو جوانكاری دروست نییه، چونكه خوای گەورە دەربارەی ئەو ئافرەتانەی كه پیر بوون و بەتەمای شوكردنیش نەماون چ جای ئافرەتێكی گەنج دەفەرمێت: ﴿وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَنْ يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ﴾ (النور: ٦٠).

واته: ئەو ئافرەتانەی كه پیر بوون و بەتەمای شوكردن نەماون ئەوا هیچیان لەسەر نییه ئەگەر روویان دەربخەن به مەرجێك لەنج ولاری نەنوێنن له ڕۆیشتندا، وه جوانی به ئەنقەست دەرنەخەن) [(١)].

بیانوی پێنجەم : ئافرەتێكی تر ووتی: ئەگەر ببم به باڵا پۆش دەترسم له دواڕۆژدا وازی لێ بهێنم كه زۆر ئافرەتی وام بینیوەو وازیان هێناوەو بوونه به سفور .

له وەڵامدا دەڵێین : باشه ئەگەر هەموو كەس وەكو تۆ بیری بكردایەتەوه ئەوا وازی له هەموو دین دەهێناو تەنانەت نوێژو ڕۆژوویشی وازی لێ دەهێناو ئەنجامی نادا، چونكه ئەترسا لەوەی ڕۆژێك وازی لێ بهێنێ ... بەڵام بەڕێزەكەم زۆر هەڵەی بزانه چۆن

---

(١) (توجيهات وفتاوى مهمة لنساء الأمة: ص٧).

کەوتویتە داوی شەیتانەوەو ڕاستی‌یەکانی لێ وون کردووی، لە کاتێکدا خوای گەورە زۆر شارەزا ترە لەوەی کە لە دڵی تۆدا هەیەو هیدایەتی تۆش تەنها بە دەستی خوایە، هەروەها بەردەوامی و دامەزراوی لەسەر کردارەکان خۆشەویسترین شتن بە لای خواوە وەك پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمێت : " أحب الأعمال إلى الله أدومه وإن قل " .

واتە : خۆشەویسترین کردەوە لای خوای گەورە ئەوەیە بەردەوام بیت لەسەری با کەمیش بێت .

باشە ئەی بۆچی لەو هۆکارانە ناترسی‌و لێیان دوور ناکەویتەوە کە ئەو کەسانەی بەرەو داماڵینی حیجاب برد تاکو تۆش وات لێ نەیات، کە من پێم وایە پێچەوانەکەی بەکار بهێنی‌و بەدوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێی کە دامەزراوی‌و بەردەوامیت پێ دەبەخشێت لەسەر دینی خوا لەوانەش: (قورئان خوێندن و لێ وورد بوونەوەی، زۆر دوعا کردن، زیاد یاد کردنەوەی مردن، هاوڕێیەتی ئافرەتی چاك، وەرگرتنی ئامۆژگاری لە کەسی چاك ...) .

وەك خوای گەورە دەفەرمێت : ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا﴾ (النساء: ٦٦).

واتە : ئەگەر ئەوانە بە ڕاستی بە گوێرەی ئامۆژگاریو فەرمانی ئێمە ڕەفتاریان بکردایە ئەوا چاکتر بوو بۆیانو دامەزراوترو چەسپاوتر دەبوون لەسەر حەقو ڕاستی .

بیانووی شەشەم : یەکێکی تر لەو ئافرەتانە ووتی : پێم دەڵێن ئەگەر بێت و حیجاب لەبەر بکەیت و ببیتە باڵا پۆش ئەوا کەس تۆی ناوێت و هەرگیز شوو ناکەیت بۆیە منیش تا شوو نەکەم حیجاب ناکەم .

لەوەڵامی ئەم خوشکەشدا دەڵێین: لە ڕاستیدا ئەو پیاوەی کە تۆی دەوێت بە مەرجی رووتی وسفوری ئەوا لە خوا یاخی بووەو یەکێکە لە بەچکەکانی شەیتان، بۆیە تۆش زۆر لەوە گەورەتری کە شوو بکەیتە یەکێك لە بێچوەکانی شەیتان، چونکە ئەو پیاوە شەرەفی تۆی پێ ناپارێزرێت وبیریش لە پاشەڕۆژی تۆ ناکاتەوە، بۆیە زانیاری بەڕێزیشتە بنیات نانی خێزانێك لەسەر بەختەوەری و کامەرانی وخۆش گوزەرانی ئافرەت و پیاوە، کە ئەم بەختەوەرییەش تەنها لە ئیسلامدا هەیەو لای ئەو جۆرە پیاوانە دەست ناکەوێت، بەوەش کە حەوانەوەو جێ نشینگەی ئەو خێزانەش بە یادی خواوەیە، خوای گەورەش دەفەرمێت: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى﴾ (طه: ١٢٤).

واتە : ئـەو كەسـەی كـە ڕوو وەڕبگێڕێـت لـە یـادو بەرنامـەی خـوا وپشتی تێ بكات بێگومان بۆ ئەو كەسانە ژیانێكی تـەنگ و تاڵیـان بـۆ هەیەو لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە كوێری حەشر دەكرێن .

جـا بۆیـە لـە ڕاسـتیدا پێكـەوەنانی ژیـانی هاوسـەری نیعمـەتێكی خواییەو خوای گەورەیش بیەوێت دەیـدات بـە هەركەسـێك كـە خـۆی ویستی لێ بێت، كە ئاشكراشە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا چەندان ئافرەتی سـفور گەڕاونەتـەوە بـاوەش ئیـسلامە پاكەكـەی خـواو بۆیـان دەركەوتووە كە بەختەوەری تەنها لە ژێر چـەتری ئەمدایـە، وە ئەگـەر دەیـشڵێیت هـەموو هیـواو ئـاواتم شـوو كردنـە بـە ڕووتـیو سـفوری بەمەرجی دەگریت ئەوا بێگومـان ئـاواتی پـاك وبـێ گـەرد بـە هۆكـاری پیس وچەپەڵ نایەتە دی، كەواتە چەندان ئافرەتی سفورو ڕووتیشمان بینی پرچی سپیان هۆنییەوە .

بیانووی حەوتەم : ئـافرەتێكی تـر ووتـی: بۆیـە حیجـاب ناپۆشـم دەمەوێت ئەم ئایەتەی خوا جێ بەجێ بكەم كـە دەفـەرمێت : ﴿وَأَمَّـا بِنِعْمَةِ رَبِّـكَ فَحَـدِّثْ﴾ (الضحى: ١١). واتـە : باسـی ئـەو بەخـشش ونیعمەتانە بكە كە خوای گەورە پـێی بەخشیوی .

خوای گەورەیش قژێكی ناسك ولـەش و لارێكـی جـوانی پـێ دوام چۆن لە خەڵكی بشارمەوە ؟

لە وەڵامی ئەم ئافرەتەشدا دەڵێین : ئەم خوشكە وا خۆی نیـشان دەدا كـــە خـــەمخۆری ئیـــسلامە وپابەنـــدی قورئـــان و فـــەرموودە بەڕێزەكانی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) كە ئەو ئایەتە دەكاتە بەڵگە.

ئەی باشە بـۆ نایـات ئـەم ئایەتـەش بخوێنێتـەوەو لـە خۆیـدا جـێ بەجێی بكات كە خـوای گـەورە دەفـەرمێت : ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ (النور: ٣١).

واتە: با جوانی ولەش ولاری خۆیان بەدەرنەخـەن تـەنها ئەوەنـدە نەبێت كە شەرع بۆیانی داناوە.

یان لە ئایەتێكی تـردا دەفـەرمێت : ﴿ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَـــابِيبِهِنَّ ﴾ (الأحزاب: ٥٩) ، واتـە:بـا پۆشـاكی ئافرەتـان هاودامـان بێـت و هـەموو لاشەیان داپپۆشێت .

كەواتە ئەم قسەیە هەڵبەسـتراو ویاسـایەكی ئـارەزووی خۆیـەتی، بەڵام بە پێچەوانەوە نیعمـەتی خـوا بـۆ تـۆ بـاڵا پۆشـیە نـەك ڕووتـیو سفوری ، كەواتە تۆ نیعمەتی خوا كە حیجابە دەیشاریتەوە چونكە بریتی-یە لە ڕەوشت وپۆشاكی خێزانەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)كە گەورەترین و بەڕێزترین دیاری خوایە بۆ تۆو هەموو ئافرەتێك، وە هۆكارێكی بەرزیشە بۆ سەربەرزی تۆو هەموو ئافرەتان لە دونیاو لە دواڕۆژدا .

بیانووی هەشتەم: ئافرەتێکی تر ووتی: من لاریم لەوە نی‌یە کە باڵا پۆشی واجبێکی خوای گەورەیە بەڵام کاتێك حیجاب دەپۆشم کە خوای گەورە هیدایەتم بدات.

بۆ وەڵامی ئەم ئافرەتەش دەڵێین: ئایا ئەگەر لێت بپرسین ئایا تۆ هیچ هەنگاوێکت ناوە بۆ هیدایەت دانت؟ چونکە دەبێت ئەوە بزانیت خوای گەورە بۆ هەموو شتێك هۆکارێکی داناوە وەك چۆن کەسێك کاتێك نەخۆش دەکەوێت پێویستە سەردانی پزیشك بکات بۆ ئەوەی دەرمانی بۆ دابنێت وبیخوات تا خوا شیفای بۆ دەنێرێت، یان کەسێك بیەوێت سەفەر بکات پێویستە هۆکاری سەیارە یان تەیارە بەکاربهێنێت، دەی خوشکی بەڕێز ئایا تۆ هیچ هۆکارێکت بەکارهێناوە تا خوای گەورە هیدایەتت بدات؟ هەروەك چۆن فەرزی کردووە لەسەرت ڕوو بکەیتە قیبلە و ڕۆژانە لە نوێژەکانتدا ١٧ جار بڵێی : ﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ﴾ (الفاتحة: ٦) ، واتە: خوایە ڕێنمونیم بکە بۆسەر ڕێگا ڕاستەکەی خۆت.

یان ئایا بەشداری هیچ کۆڕو کۆبونەوەیەکی خوشکانی موسڵمانت کردووە یان بەشداری دەرس ودەورەکانی ئافرەتان و وانەی دینیت کردووە؟ ئەگەر نا ئیتر چۆن خوای گەورە هیدایەتت بدات؟! ئەی نازانی ڕۆژێك دێت وتەوبە وەرناگیرێت و تۆش نازانیت ئەو ڕۆژە کەیە

دەی ئیتر بۆ فەرمانی خوا دوا دەخەی : ﴿ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلَّا الضَّلَالُ﴾ (يونس: ٣٢) ، واته : چی هەیه له دوای ئەم ڕاستیەوه جگه له گومڕایی .

بیانووی نۆیەم: یەكێكی تر لەو ئافرەتانه ووتی: من ئێستاكه بچوكم كاتی پۆشینی حیجابم نەهاتووه واته هێشتا گەنجم و بەبەرمەوه ماوه هەركات گەوره بووم ئەوسا دەیپۆشم.

بەڕاستی ئەمەش بیانوویەكی خۆهەڵخەڵەتێنەرەو یەكێكه له هۆكارەكانی له خشته بردنی مرۆڤەكان له لایەن شەیتانی جن ومرۆڤەوه، چونكه ئەی خوشكی بێ ئاگا ئەی نازانی (ملك الموت) ئامادەیەو هەركات فەرمانی پێ بكرێت ئاگادارت ناكاتەوەو هیچ مەجالت نادات؟ وه ئایا هیچ كەس پەیمانی ئەوەی پێ داوی كه تۆ بەم زووانه نامریت و تەمەنت درێژ دەبێت؟! ئەی نازانی خوای گەوره دەفەرمێت : ﴿فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾ (الأعراف: ٣٤).

واته: هەركاتێك كۆتایی به تەمەنیان هات نه تاوێك دوادەكەون نه تاوێك پێش دەكەون چونكه ئەجەلیان دیاری كراوه. بەڵێ به ڕاستی مردن واته: دابڕانی ڕوح له لاشه پچڕاندنی پەیوەندی مرۆڤ و دونیا بێ گومان دەبێت هەموو كەس ئەو سەفەره ئەنجام بدات بچوك بێت

یان گەورە، دەوڵەمەند بێت یان هەژار، دەسەڵاتدار بێت یان بێ دەسەڵات، ئەی خوشکی بەڕێز: بەڕاستی سەفەرەکە دوورودرێژە تۆش گەشتیاری لەم دونیایەدا، ئەی هەژاری بێ توێشوو دەی بیهێنە بەرچاوی خۆت ئەوا (ملك الموت) گەیشتە سەرت ولە پشت سەرت دەوەستێت بۆ گیان کێشانت لەو کاتەدا سنگت دەتەقێو ڕوحت دەکەوێتە غەرغەرە، زمان لە دەمتا ناگەڕێت قسە قورس دەبێت بەلاتەوە، چاوەکانت دەچنە پشتی سەرت ودەرگای تەوبەیش دادەخرێت، کەواتە زوو پەشیمان ببەوە تاوەکو دەرگای تەوبەت لێ دانەخراوە، چونکە تۆ بە چەکی ڕووتیو سفوری جەنگت لەگەڵ خوادا بەرپا کردووە، بۆیە درەنگەو بگە بەکاروانی ئەو خوشکانەی کە پێش تۆ کەوتوون، خوای گەورەش دەفەرمێت: ﴿سَابِقُوا إِلَى مَغْفِـرَةٍ مِـنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ﴾ (الحديد: ٢١).

واتە : پێشبڕکێ بکەن بۆ لێخۆشبوونی خوایی و بەهەشتێك کە پانایی‌یەکەی وەك پانایی ئاسمان و زەوی‌یە.

بیانووی دەیەم: کۆتا خوشك لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا ووتی: ئەترسم لەوەی کە ئەگەر پابەندی حیجابی شەرعی ببم بمکەنە پاڵ حزب و کۆمەڵێك و منیش ڕقم لە حیزبایەتی‌یە.

لە وەڵامدا دەڵێین : خوشکی بەڕێز واز لەو بۆچونە بهێنەو ئەو خەیاڵەش لە مێشکی خۆت دەربکە، چونکە کاتێك خوای گەورە فەرمانی کردووە بە حیجاب کردووە ئەوا نەك ناوی حیزب ئەوا هیچ جیاوازیەك نەبووە لە دەربڕینی ئەو بۆچونەدا ، بۆیە لە ڕاستیدا لە قورئانی پیرۆزدا تەنها دووکۆمەڵ هەن کە خوای گەورە باسی کردوون وناویانی بردووە ئەوانیش (کۆمەڵی شەیتان) و(کۆمەڵی خوا) وەك خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ (المجادلة: ١٩).

واتە : ئاگادارین بێگومان دەستەو تاقمی شەیتان لە خەسارەت مەندی و زەرەر مەندیدان .

کۆمەڵی یەکەم : واتە کۆمەڵی شەیتان : ئەو کۆمەڵەی کە دار و دەستەکانی بەردەوام خەریکی بۆ ئەمری خوان هەمیشەش لە بڵاوکردنەوەی خراپە و دووبەرەکی و تۆوی بەرەڵایدا دەستێکی باڵایان هەیە.

هەروەها کۆمەڵی دووەم: بریتین لە کۆمەڵی خوا کە ئەوانەن خوای گەورەو میهرەبان پشتیوانیانەو هەمیشە یارمەتیان دەدات بۆ هەموو کارێکی چاکەو خۆشیان ملکەچی فەرمانەکانی خوان وخۆیان بە دوور دەگرن لە سەرپێچی وشتی داهێنراوو دوور لە ئیسلام.

كەواتە: ئەگەر بەڕێزت یەكێكی لەو كەسانەی حیجاب دەپۆشیت و خۆت بە دوور دەگریت لە بێ فەرمانی خواو هەمیشە خەریكی كاری چاكەی ئەوا (یەكێكی لە كۆمەڵی خوا) بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر سفورو ڕووت بیت و لەش ولاری خۆت بۆ خەڵكی بێگانە دەر بخەیت ئەوا یەكێكی لە هاوباوەڕانی شەیتان و ئەندامێكی چالاكیشی لەو كۆمەڵەیەدا .

خوشكی بەڕێزم ... دڵنیابە بالاپۆشی فەرمانی خوایەو پەیوەندی نی‌یە بە هیچ شتێكەوە بۆیە نابێت لەبەر لۆمەی لۆمەكاران وخراپەی بێ باوەڕان پشت بكەیتە فەرمانی خواو بەرەو لای شەیتان ڕابكەیت خوای گەورەیش دەفەرمێت : ﴿فَفِرُّوا إِلَى اللَّهِ إِنِّي لَكُمْ مِنْهُ نَذِيرٌ مُبِينٌ﴾ (الذاريات : ٥٠) .

واتە : بەپەلەو گورج وگۆڵ بن بۆ بەجێهێنانی فەرمانەكانی خوا ، دڵنیاش بن من (محمد) (ﷺ) ترسێنەری ئاشكرام بۆتان .

كەواتە نوێژو ڕۆژوو بۆ كێ ئەنجام دەدەیت ؟ ئەی بۆچی ئەنجامی دەدەیت ؟ وەڵام : چونكە نوێژو ڕۆژوو بۆ خوا ئەنجام دەدەم ، لەبەر ئەوەی فەرزی كردووە لەسەرم ، دەی كەواتە ئەو خوایەی نوێژوو ڕۆژووی لەسەرت فەرز كردووە هەر ئەو خوایەشە حیجابی لەسەرت فەرز كردووە .

بۆنی گوڵێك لە كۆتاییدا :

ئەی خوشكی بەڕێزم..... ئەی ئەو كەسەی خوای گەورە ڕێـزی لێ ناوی بۆچـی خـۆت بـێ ڕێـز كـردووەو لـە بـازاڕی شـەیتاندا نمـایش دەكەیت؟! ئایا دەزانیت بەهەر خۆ جوان كـردنو ڕازاندنەوەیـەك دڵـی هەر گەنجێك بۆ لای خۆت ڕادەكێـشیتو بێگومـانیش دەبیتـە هـەڵگری كۆڵی تاوانی چەندان كەسی تر، وە بیشزانە تۆ هەر ڕۆژێك لـە تەمـەنت دەڕوات بەرەو گۆڕی خۆت نزیك دەبیتەوە، وەهەر كاتێـك لـە تەمـەنت دەڕوات بەرەو نەمان دەچیتو سەرەنجامی خۆت دیاری دەكەیت.

سبحانك اللهم وبحمدك

أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك.

لەبلاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێ بوونەوەی ئیمان

imanonekurd@yahoo.com